# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



## بۆپێشەوە پێی نایە ساڵی نۆیەمەوە...
## بەبۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە خوێنەران و هاوکارانی بۆپێشەوە دەکەین...


ساڵی نۆهەم ژمارە (188) بەرواری 1-4-2025
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


### وتەی ژمارە

# چی لە تورکیا دەگوزەرێت؟

زیاتر لە دوو هەفتەیە تورکیا بۆتە مەیدانی خرۆشانێکی فراوانی جەماوەری... دەستپێکی ئەم خرۆشانە جەماوەرییە بە دورخستنەوەی ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ لە شارەوانی ئەستەنبوڵ بە پاساوی گەندەڵی پشتیوانی لە تیرۆر!!، دەستی پێکرد، بەڵام پێناسەکردنی ئەم بزوتنەوە فراوانە جەماوەرییە، واوەتر لەوەیە تەنها دورخستنەوەی ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ، بەتەنها هۆکارەکەی بێت. راستی ئەوەیە کە دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانی ئەستەنبوڵ، بووە هۆی چەخماغەدانی تورەیەکی جەماوەری کە ریشەی لە دەسەڵاتی تاکڕەوانەو دیکتاتۆریانەی ئاک پارتی و ئەردوغان دایە.



رژێمی تورکیا، رژێمێکی نەتەوەپەرستی ئیخوانییە، ئەردۆغان و حزبەکەی رەمزی ئەم رژێمە تاسەر مۆغ دڕندەیەن. سەرکوتی سیاسی، گەندەڵی، بەرجەستەترین دیمەنی دەسەڵاتی ئاک پارتی و دەوڵەتی تورکیایە. سەرکوتی دەنگە نارازییەکان، ئازادیخوازن و سەندیکاو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە رادیکالەکان، نەیارانی دەوڵەتی تورکیا، بزوتنەوە سیاسیەکان، لەکەس شاراوە نییە. زیندانەکان گەواهی دەرەی ئەو راستیەن، کە ئەم دەسەڵاتە بە پلەی یەکەم بە هۆی سەرکوتی سیاسییەوە لەسەر قاچەکانی خۆی ماوە... هیرش بۆسەر هەر دەنگێکی نارەزایەتی، بۆسەر ئازادیخوازن، نەیارانی دەسەلات لەناوخۆ و تەنانەت ریزەکانی ئاک پارتی، هیرشی بەردەوام بۆسەر چینی کرێکار و نارەزایەتییەکانیان، هیرش بۆسەر خەڵکی کور زمان... سەرکوتی سیاسی و میلیتاریزەکردنی کوردستان... گۆشە بەگۆشە لە کارنامەی ئەو دەوڵەت ودەسەڵاتەن. بەجیا لەوانە پاوانخوازی ئاک پارتی ئەردوغان و چرکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەوانەش... دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری، دەسەڵاتی سەربازی و تەنانەت شۆرکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە بۆ ناو کایەی خوێندن و پەروەردە و زانکۆکان، تادەگاتە بە پاوانی بەزۆر و بەدەستەوەگرتنی هەموو رێگاکانی سەرکوت و بڕیار و یاسا و چ بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێ ناوخۆیەکانی نێوان خانەوادەی بۆرژوازی تورک و چ بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی لەگەڵ دەرەوەی تورکیا و لە ئاستی ناوچەکەدا. دەوڵەتی تورکیا و دەسەڵاتی ئاک پارتی و ئەردۆغان هەموو جولانەوە سیاسیەکانی دژ بەدەسەڵاتەکەی و چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەدا تۆمەتبار بە "تیرۆر، پشتیوانی لە تیرۆر، گەندەڵی" دەکات... ئەوە لە کاتێکدایە هیچ جوڵانەوەو رەوتێکی تیرۆریستی نییە، دەوڵەتی تورکیا و ئەردوغان و ئاک پارتی لە پشتی نەبن یان هاوکاری نەکەن....وە خودی دەسەڵاتی ئاک پارتی وئەردۆغان، نوقمی گەندەڵییەکی ئاشکرای حاشاهەڵنەگرن.

ئاک پارتی و ئەردۆغان... بەدوای روخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد لە سوریا و

بۆ لاپەڕە 2

## بۆپێشەوە پێی نایە ساڵی نۆیەمەوە...



ئەمرۆ ١/٤/٢٠٢٥ هەشت ساڵ، بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی بۆپێشەودا تێپەردەبێت. لەماوەی هەشت سالێ رابردودا وەکو بەڵێنمان دابوو بۆپێشەوە هەر ١٥ رۆژ جارێک لەکاتی خۆیدا بەشێوەی رێک و پێک دەرچووە، هەروەها جگە لەو ژمارە ئاساییانە، چەندین ژمارەی تایبەت و پاشکۆش بڵاوکراوەتەوە کە تایبەت بووە بە رووداو و بۆنەی تایبەتی، تا بۆپیشەوە لە ئەرکە راگەیەنراوەکانی خۆی دوانەکەوێت. هەروەها بۆپێشەوە بەتەواوەتی پەیرەوی لە مەوازینی راگەیەندراوی بڵاوکراوەکە کردووە، و دەرگای والا بوو بۆ قەڵەمە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بێ جیاوازی...

بۆ لاپەڕە 2

## هۆکارەکانی زۆربوونی توندوتیژی و تاوانی کوشتن و لە هەرێمدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟



کەم ڕۆژ هەیە تاوانێک یان چەند تاوانێک لە ڕێگای کوشتنەوە بە ریگای جۆراوجۆر نەبیستین. کەم رۆژ هەیە هەواڵی دۆزینەوەی تەرمێک، جەستەیەکی شێوێنراو، سوتاو، گولله بەجەستەوە بوو، یان هەواڵی دەستڕێژی گولله لە خێزانێک، هاوڵاتیەک، یان شەڕی نێوان دوو بنەماڵە و قوربانیەکانی...تاد، نەبنە سەردێری میدیاکان. ئەوە بەجیا لە هەواڵی بەردەوام و تەکاندەری قوربانیانی شوێنی کار، کوشتنی ژنان، خۆکوژیی و خۆسوتاندنیان تا دەگاتە قوربانیانی رێگاو بان و

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- دەبێ سەرچاوەی هۆکارەکانی تاوان ڕابگیرێن.........................................ل3
- سەرهەڵدانی فاشیزم لەدڵی دیموکراسییەوە.........................................ل4
- بزوتنەوەی شورایی، پێکهاتن و رۆڵیان لە کۆمەڵگەدا تەوەرەی پرسی ڕۆژ.........ل5_6
- سەرچاوەو هۆکارو چارەسەری تاوان و کوشتن لە کۆمەڵگەدا.........................ل7
- ژیان لە سایەی دەوڵەتی مافیاکاندا.........................................ل7
- بۆ کۆمۆنیستەکان یەکسانی بنچینەییترە لە ئێکۆتی و دادپەروەری...................ل9


## دۆسیەی ژمارە "پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان و پرۆسەی ئاشتی و رێکەوتنی جوڵانی و مەزڵوم عەبدی..."



بەرێز حەسەن جودی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل10-11


ل8 | کۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5_6 | پرسی ڕۆژ

## دریژەی وتەی ژمارە

چوونە پشت بەرەی نوسرەو گروپە تیرۆریستەکان و لاواز بوونی پیگەی ئیران لە سوریا و ناوچەکە، ئاستی ملهوری و دەستێوردان و تەماحەکانی بە جێگایەک گەیشتووە، وەکو هیزێکی لاباک و دەسەڵاتی ناوچەیی مامەڵە لەگەڵ دۆخی ناوچەکە دەکات و بەتایبەتی تریش دەیەوێت جێگای پیشووی جمهوری ئیسلامی لەناوچەکەدا بگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە هیرشەکانی بۆسەر نەیارە سیاسیەکانی لەناوخۆی تورکیا چر کردۆتەوە و خەونی هێشتنەوەی دەسەڵاتداریتی خۆی و پارتەکەی بۆ چەندین دەهەی تر کردۆتە قیبلەنوومای راگەیەنراوی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە هەم چاویان لە گۆرین و هەمواری دەستور وبەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت و هەم زامنکردنی پۆستی سەرۆک کۆماری داهاتووە کە بریارە هەڵبژاردنەکەی لە سالّی ٢٠٢٨ بەڕیوە بچیت.

هەموو ئەو خەون تەماحانەی ئاک پارتی و ئەدوغان لە دۆخێکدا دەچێتە پێشەوە، کە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارو هاوڵاتیانی تورکیا، رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپی دەڕوات. گەندەڵی سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگەی تەنییوە. قڵشتی چینایەتی بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. دارمانی بەهای لیرەی تورکی و ئەزمەی قوڵی ئابوریی، ئاڵنکارییە سیاسیەکان، تەریک بوونەوەی لە ئاستی دنیا، لێکەوتەکانی بۆسەر چینی کریکار و زوربەی خەڵکی تورکیا بە جێگایەک گەیشتووە، قابیلی بەرگەگرتن نییە. گرانی لە رادەبەدەر، بیکاری، سەختی بەڕیوچوونی ژیان.... یەخەگیری دەوڵەتی تورکیا و ئاک پارتییە. تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بەدژی سیاسەتی برسی کردن و بێکارکردن و بەدژی سەرکوت و سەرکوتی سیاسی،بەدژی گەندەڵی و بریارە دژە مەدەنیی و ئیخوانیەکان بەدژی پاوان خوازی ناوخۆیی و دەرەکی... و بەدژی تۆمەتبارکردنی هەموو بزوتنەوە و جوڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە "تیرۆر" واقعیەتیکی حاشاهەڵنەگری دۆخی تورکیایە.

دورخستنەوەی ئەکرەم داود ئۆغلۆ و پاشان بریاری دەستگیرکردنی، لە ململانێی ناوخۆی خێزانی بۆرژوازی تورکیدا، هۆکاری دەستپێکردنی ئەم جوڵانەوە و خرۆشانە جەماوەرییەی تورکیایە، بەڵام ئەمە بەتەنها هۆکاری هاتنە مەیدانی جەماوەری فراوانی تورکیا نییە، بەڵکو نەفرەت لە دەسەڵاتی ئەردۆغان و تاکرەوی و سەرکوتگەرییەکەی و خواستی گۆرانکاری، هۆکارێکی بناغەیی ترە، بۆ ئەم هاتنە مەیدانە فراوان و هەمەگیرە.

دیارە جەهەپە، وەکو باڵێکی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا و بەوێنەی میراتگیری ئەتاتورک، بەجیا لە ململانێی خۆی لەسەر بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و بردنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری داهاتوو، دەیەوێت تورەیی خەڵکی تورکیا لەدژی ئەردۆغان و ئاک پارتی بەدەستەوە بگرێت، جەماوەری ناڕازی تورکیاش، بەهەمان شیوە کەڵک لە ململانێی جەهەپەو ئاک پارتی وەردەگرن لە پێناو ئامانجەکانی خۆیان لە باش بژێوی و ئازادی و خواستە پایماڵ کراوەکانیان.

ئەم دۆخەی لە تورکیا هەیە، بەرەوە گۆرانکاری لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەنگاو دەنێت و رەوەندی پاشەکشە بە دەسەڵاتی ئاک پارتی و ئەردۆغان، رەوەندێکی بێ گەڕانەوەیە... ئەوەی کە ئەم ئاڵوگۆرە چەندە دەتوانێت لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی تورکیا بێت، بەتەواوەتی گرێی خواردووە بە هاتنە مەیدانی چینی کرێکارو هیزو چەپ و رادیکاڵەکان وەکو بکەرێکی سیاسی و کاریگەرو سەربەخۆ لە دۆخی ئیستای تورکیاو ململانێی باڵەکانی بۆرژوازییدا.

**عەبدوڵا مەحمود**

لەماوەی هەشت سالّی رابردوودا، وەکو بەڵێنمان دابوو، هەوڵمان داوە بۆپێشەوە، وەکو بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆسیالیستی، لەراستای ئامادەکردنی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشدا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆرهێنان بەسەر ئەم دنیا سەروخوارەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەرابەر و تەسەلدا، رۆڵی خۆ بگێرێت.

لە هەشت سالّی رابردوودا بۆپێشەوە بە وێنەی مینبەری رابەرانی کرێکارانی سۆسیالیست، چەپ و کۆمۆنیستەکان، رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ژنانی تورە لە ستەم و بێمافی و پیاوسالاری و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، و هەموو ئەو ئینسانانەی دڵیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتی پشتبەستوی جەماوەری لێدەدات... دەرگای ئاوەڵا بووە. دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین میدیا و بڵاوکراوەی چەپ و کۆمۆنیستی کۆمەڵگەی کوردستان بووە کە وەکو سەکۆیەکی لێبراو سازشهەڵنەگر، لەدژی بیروباوەری زاڵی کۆمەڵگە بە تایبەتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی راوەستاوە، و درۆی دیموکراسی بۆرژوازی، لە قاو داوە. هاوکات هێندەی توانییەتی چووەتە بەرامبەرکێی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەفکار و سیاسەت و نەخشەی حزب و بزووتنەوە بۆرژوازیەکانی کوردستان و نووسەران و میدیای گوێ لەمستیان. وە هەوڵی بێدرێغی خستەگەر کە بیروباوەری زاڵ، کە بیروباوەری چینی دەسەلاتداری کوردستانە، بەر رەخنە بدات لە جێگایدا روانگەی ئینساندۆستی و ژیان دۆستی و نەخشە و ریگاو مەیدانەکانی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی، بخاتە روو.

بۆپێشەوە لەگەڵ ئەوەدا لە کەنار رابەرانی کرێکاری و سوشیالیستیدا، لە پێناو باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی کریکاراندا راوەستا، هاوکاتیش لە راستای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خالّی لەستەم و چەوساندنەوە و هەڵاواردن و بێمافییدا، پەیگیرانە تێکۆشا...

ئیستا دوای هەشت سالّ بەسەر تیپەربوونی یەکەمین ژمارەیدا، دوبارە بەڵین دەدەین، کە بۆپێشەوە بە گروتینێکی زیاترە بەردەوام بێت. هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەر تا وەکو مینبەری چینی کرێکار و بەرەی یەکسانیخوازی و بەرابەریخوازی و ئینساندۆستی و ئازادیخوازی کوردستان، بیکەینە سەکۆیەک بۆ بەرامبەرکێی هەمەلایەنەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرهەنگی، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی سیستیماتیک و هەمەلایەنەی بۆرژوازی و بزووتنەوە هەمەرەنگەکانی بۆ سەرچینی کرێکار و خەڵکی نەدار... بۆپیشەوە چ بە وێنەی بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بەمەبەستی وەڵامدانەوە بەراگەیاندنی فریوکارانەو پیشەسازی فکر و چ بە مەبەستی ئاسۆدارکردنی خەبات و نارەزایەتی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان، بە ئاسۆی رزگاری بەخشی کۆمۆنیستیەوە، بەردەوام دەبێت. بۆپێشەوە هەوڵدەدات لە هەمان کاتدا ئامرازێکی سازدەری چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بێت، کۆمەک بکات بە پەرەپێدانی رەوتی رێکخراوبوونی جەماوەری ئەم چینە و بردنەسەری ئاستی تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاران و هەڵسوراوانی کۆمۆنیست...

ستاف و هاوکارەکانی بۆپێشەوە بەڵین دەدەن، کە بۆپێشەوە چ وەکو بڵاوکراوە و چ وەکو سایت و پەیجی فەیس بوک، وەکو هەمیشە سەکۆیەکی راستگۆ و دەنگێکی بوێری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە رزگاری بەخش و ئینسانیەکان و سەکۆیەکی راستەقینەی بەیانی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان، بەدژی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بۆرژوازی کوردی و حزب و هێزو رەوتەکانیدا. بێت. دەنگێک دەبێت بۆ بەرگری لەخواست و مافەکانی سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی، وەک و کرێکاران و ژنان و لاوان و سەرجەم توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. وە بەوینەی دەنگێکی سازش هەڵنەگر، بەرامبەر بە کۆنەپەرستی ئیسلامی و کەلتوری کۆنەپەرستانەی پیاوسالاری و ناموس پەرستی... رادەوستێت..

بۆپێشەوە، پەرەدان بە بیروباوەری مارکسیستی و کۆمۆنیستی، وەکو رەخنەی لێبراو سازشهەلنەگر لە نیزامی سەرمایەداری و گشت و ستەم و نابەرابەریەکانی، بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت... هەوڵ دەدات ئەم لایەنەی بەهێزتر بکات...

بێگومان بەردەوام بوونی بڵاوکراوەی بۆپیشەوە، لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، لە کاتێکدا بۆرژوازی و حزب و هێزەکانی بە ناوی جیاجایی حزبی و ناحزبی، سەربەخۆ و سێبەر و ئەهلی، پاوانی سەرجەم میدیای نوسراو بینراو بیستراو، سەرجەم ناوەندەکان و کایەکانی میدیاییان بەهۆی سەرەوت و سامان و دەسەڵاتەکەیانەوە، کردووە، تا ئیدەو بیروباوەری دواکەوتوانەو دژی ئینسانی بڵاوبکەنەوە. تا سەرەوخواربوونی کۆمەڵگە، بشارنەوە. تا لەچوارچیوەی پاراستنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا، بانگەشەی دەسەڵاتی خەڵک و ئازادی و چاکسازی و دیموکراسی و وەهمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دابینکردنی ئازادییە سیاسی و مافە فەردی و مەدەنییەکان و ئایندەی سیاسی کورستان لە ژێڕ سایەیاندا، بانگەواز بکەن، گرنکی چینایەتی لە رادەبەدەری هەیە.

بۆئەوەی بۆپێشەوە لە راستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرک وپەیامە، گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگە هەیە. چاوەروانی لە کۆمۆنیستەکان و رابەرانی کریکاریی و لە هەڵسوراوانی بزوتنەوە نارەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکان، لە هەموو ئازادیخوازێکە لە بەسەرکەوتن گەیاندن و بەرەوپێشەوە بردنییدا، هاوکار و لەگەڵمان بن... بۆپێشەوە دەرگای بۆ هەموو قەڵەمێکی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز ئاوەڵایە... هیواخوازین هەموو ئەو نووسەرو قەڵەم بەدەستە چەپ و کۆمۆنیستانەی بەهەر هۆیەکەوە تا ئێستا لەگەڵ بۆپێشەوە هاوکار نەبوون یان بەهەر هۆیەکەوە نەیانتوانییوە لەو ئەرکەدا کە بۆپێشەوە رایگەیاندووە لەگەڵمان بن، بێن و بۆپێشەوە بەهی خۆیان بزانن... بە نووسینی وتاری سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی، وەرگێرانی ئەدەبیاتی مارکسیستی، بەباس و نووسین و هۆنراوە و ئەدەب و هونەری کریکاریی، راپۆرت، ئاوڕدانەوە لە میژووی تیکۆشەرانی کۆمۆنیست و یاد و بۆنە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکان، وە بە سەرنج و رەخنەو پیشنیار... تاد بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن و دەوڵەمەندی بکەن.

بۆپێشەوە مینبەرێکە بۆ هەموو ئەو دەنگە ناڕازی و رەخنەگرانەی کە هەموو شەقام و گەرەک و ناوەندی کار و خوێندن و زەمین و ئاسمانی کوردستانی داگرتووە، لە دژی دەسەڵاتی ستەمکارانەی بنەماڵەکان و چاوچنۆکی سەرمایە و کۆنەپەرستی. بۆپێشەوە زمانحاڵی حزب و رێکخراو و گروپێکی سیاسی نییە، زمانحاڵی تورەیی و نەفرەتی زوربەی زۆری جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانە. ئەمە کاراکتەری سەلماوی بۆپێشەوەیە لە هەشت سالّی رابردوودا... بۆپیشەوە جگە لە هێڵێکی رۆشنی راگەیەنراو، هیچ مەرج و پیش مەرج و چوارچیوەیەکی لە قاڵبدراوی نییە... و دەرگای بە رووی هەموو قەڵەمێکی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازدا بێ گویدانە ناسنامەی، حزبی و رێکخراوەیی، کراوەیە...

**بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن...**

**بۆپێشەوە/ یەکی ئەپریلی ٢٠٢٥**

## درێژەی: هەڵەبجە قوربانی دەستی بەعس و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە!

هاتووچوو، خنکان لە ئاو و روبار و دەریاچەکان و هاوکات رادەی دزی و تالآنی ماڵان و دوکان... تا دێت بەرەوە هەڵکشان دەچن. تاوانەکانی مانگی رابردوو کە بۆوە هۆی کوژرانی چەندین کەس لە چەندین خێزاندا... بەراستی روداوی تەکاندەرن.

بەجیا لەوەی بەشی هەرەزۆری ئەم قوربانیانە، بەتایبەتی تاوانی کوشتنەکان روداوی سادە و بێ هۆکار نین. تاوان و تاوانکاری هەمیشە رەنگدانەوەی دۆخ و هەلومەرجێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە و پەروەردەیی و یاساییە، بەڵام لێ نەپرسینەوەی یاسایی!! و بەربڵاوی چەک لەدەستی خەڵکدا، کۆنەپەرستی و دەرگا لەسەرپشت بوون بۆ فتوا و توندوتیژی، تا دەگاتە دەست ئاوەڵایی بەرپرسە سەربازی و ئەمنیەکان، هۆکار گەلێکی دیارن.

زوربەی هەرەزۆری کوشتن و تاوانکارییەکان، ریشەی لە دۆخی نەخوازراوی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و کەشی دواکەتوانەی پەروەردەیی، دایە. بێکاری و گرانی و برسێتی و نەداری و بێ موچەیی...تاد لەپاڵ دەسەڵاتێکی نابەرپرس و کۆنەپەرستدا هۆکارێکی سەرەکی ئەو تاوانانەن، دەسەڵاتی سیاسی هۆکاری بێکاری و گرانی و هەژاری و برسێتیی و لەگەڵیدا، لێنەپرسینەوە و گوێنەدان بە هۆکارەکانی زۆر بوونی ئەم تاوانکاریانەیە.

کۆمەڵگەی کوردستان، دابەشی دوو دنیای ژیان کردن بووە، دنیای کەمایەتیەکی زۆر کەمی دەسەڵات و سەرمایەدار و بازرگانەکانەکان کە لەسەر دزینی دەست رەنج و ماندووبوون و برسیکردنی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە، بەهەشتێکی واقعیان بۆخۆیان و ئێستاو ئاییندەی نەوەکانیان خوڵقاندووە، لەبەرامبەردا زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە لە کەمترین پێداویستی ژیانێکی سادە و ئاسایی بێبەشن، وێڵی دوای نان و کار و ژیانێکی ئارامن و بە کردەوە ژیانێکی دۆزەخیان بەسەردا سەپێنراوە. ئەم واقعیەتە نەخوازراوە کە ریشەی لە سود پەرستی و چاوچنۆکی دەسەڵات و پارێزەری کەمایەتیەکی سەرمایەدار دایە، سەرچاوەی سەرەکی تاوانەکان و زۆربوونیانە. یاسا و دادگاش بەپێچەوانەی بانگەشەی باو بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو بۆ بەرگری لەم نەزم و نیزامە سەرەوخوارەی کۆمەڵگە قوتکراوەتەوە، هیز و ئامرازی بەرگری لەم هەڵاواردن و قڵشتە قوڵە چینایەتیە و بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و رێگەگرتنە لە یاساو رێسای ئاسایی ناو کۆمەڵگەو خێزانەکانە کە هەمیشە لەپێشتر و مۆدێرنتر و ئازادترە، لە یاسا باوە پەسەندکراوەکان. زیاتر لەوانە بێدەربەستی و نەپرسینەوەی یاسایی و جێ بەجێنەکردنی سزاکان لەبەرامبەر تۆمەتباران و بەرپرسەکان و کەسانی سەر بەدەزگا ئەمنیەکان و بەرپرسە دەستڕۆشتوەکان کە تاوان ئەنجام دەدەن، وای کردووە ئەو کەسانە بێ سڵەمینەوە دەست بۆ چەک ببەن و کوشتار بکەن.

ئینسانی برسی کراو و دەروازە بەرووداخراودا، بۆ مانەوەی لە ژیان ناچارە دەستبداتە بەرگری سلبی و دەست بۆتاوان ببات، پەنا بۆ دزی ببات. ئینسانی بی ئومێدکراو هیوا خنکێنراو ناچارە دەست بۆ خۆکوژی و کوشتن ببات... هەموو تاوانەکانی کوشتن و خۆ کوژی و دزی و تالآنی، ریشەیان لەو دۆخەدایە، خوڵقینەری ئەو دۆخەش، دەسەڵاتی سیاسییە.

لەگەڵ ئەوەدا رۆژ بەرۆژ رێژەی تاوانەکان زۆرتر دەبن و شێوی جیاواز بەخۆیانەوە دەگرن و قوربانیەکانی هەڵدەکشێن، کەچی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم کەخۆی لایەن و هۆکارێکی خوڵقینەری ئەو دۆخەیە، وەکو چاودێر مامەڵەی ئەو دۆخە دەکات لەجیاتی ئەوەی رێکار و رێگایەک بگرێتە بەر بۆ کەم کردنەوە و سنوردارکردنی، بێ باکە بەرامبەری.

کەمی موچە و بێ موچەیی و دواکەوتنی موچە، گرانی بازار و بێکاری و هەژاری لەپاڵ نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی کەرتی تەندروستی، و دەرگا خستە سەرپشت بۆ گروپ و رەوتە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان تا زاخاوی توندوتیژی بکەن و فتوا ببەخشنەوە، کە هەموویان پەنجەی تۆمەتباری دەخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی، بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ ژینگەسازکردن بۆ تاوانەکان.

دیارە تاوان و تاوانکاری لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا هەیە، کوشتن و خۆکوژی لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، بەڵام هاوکات دەسەڵاتە بەرپرسەکان، کەمێک بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن و لانی کەم بەیاسایەکی مەدەنی بەرگری لە تاوانکار و تاوانلێکراو دەکەن. بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دەکەن، لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دەگرنە بەر. بەڵام دەسەڵاتە نابەرپرس و دواکەتوو و بنەماڵەیەکان، کێشەیەکیان لەگەڵ ئەم هەموو تاوان و تاوانکاریەدا نییەو بێ باکانە لە میدیاکانیانەوە هەواڵەکان دەگوازنەوە.

## دەبێ سەرچاوەی هۆکارەکانی تاوان رابگیرێن، تا هەواڵەکانیان لە راگەیاندنەکان پەخش نەکرێت..

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە سلێمانی، لە راگەیاندنێکدا داوا لە کەناڵە میدیاییەکان دەکات رومالّی هەواڵەکانی تاوانی کوشتن رابگرن و دەڵێت "هەر لایەنێک سەرپێچی ئەو بڕیارە بکات رێکاری یاسایی لەگەڵ دەگیرێتەبەر"


تاوان و تاوانکاری، لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بەرادەی جیاواز بوونی هەیە... ئاستی زۆری و کەمی تاوان راستەخۆ بەندە بە دۆخی سیاسی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کەلتوری و تەنانەت یاسایی. لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵات تا رادەیەک خۆی بە بەرپرس لە ژیان و ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیان دەزانێت و ژیان و گوزەرانێکی ستانداردی ئینسانی و پەراوێزیکی دیاریکراو لە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکان، هەیە و زامن کراون، یاسا رۆڵی خۆی دەگێرێت و هەموو هاوڵاتیان لەبەرامبەر بە یاسادا یەکسانن. لەو دۆخەدا رادەی تاوان و تاوانکاری سنوردار و کەمە. بە پێچەوانەشەوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، خراپ و بیکاری و هەژاری و گرانی دەستی ناوەتە بینەقاقای زوربەی زۆری دانیشتوان و یاسا لە بنەرەتدا گۆپاڵێکە بەدەستی دەسەڵات و نوخبەیەکی دیاریکرا و نایەکسان لەبەرامبەر هاوڵاتیاندا مامەڵە دەکات...رادەی تاوان و تاوانکاری زۆرتر و لێپرسینەوەی یاساییش پر مەرج و هەڵاوردن ئامێزە. دیارە ناوەرۆکی یاساکانیش کە رەنگدانەوەی جۆری سیستەمی فەرمانڕەواییە، لایەنێکی گرنگە لە پەیوەند بە تاوان و تاوانکارییەکانەوە... سیستەمێکی سیاسی ئەگەر لەسەر بنەمای دینی، قەومی، رەگەزی، تایفی، میلیشیایی... دامەزرابێت، ئەوە خودی سیستەمەکە، ناکۆکە بە مافی هاوڵاتی بوون و یاساکانیشی بەرگری لەو سیستەمە جیاکارییە لە نێوان هاوڵاتیەکانی دەکات و خودی یاساکان، دەکەونە بەردەم لێپریسنەوە بۆ گۆرانکاری...

ئەو دەسەڵات و سیستەمەی لە کوردستان هەیە، دەسەڵات و سیستەمێکە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی حزبی و میلیشییایی دامەزراوە... دەسەڵاتێکە هێندەی کار لەسەر بە حزبی بوونی هاوڵاتیان دەکات، هێندە مافی هاوڵاتی بوون بۆ دانیشتوانی بە فەرمی ناناسێت... مۆری حزبی بوون بە ناوچەوانی هاوڵاتیانەوە لە زۆنەکاندا، لەسەروی هەموو یاساو رێسایەکەوەیە... لەزۆنی زەرد هاوڵاتی بەهۆی بیروباوەری سیاسی ناتەبای لەگەڵ پارتی ناتوانێت دەستی لە کارێک گیر بێت و مافی هاوڵاتی بۆ فەرمی بناسرێت، لە زۆنی سەوز بەهەمان شیوە، کەسێکی پارتی ناتوانێت بە ئاسانی کارێکی دەست بکەوێت... ئەوە لە مەیدان و قەڵەمرەوی سیاسیدا خراپتریشە و دەسەڵات لە زۆنەکان بۆ پاوانی دەسەڵاتی سیاسی زۆنەکەیە... لە دۆخێکی ئاوادا کە دەسەڵاتی سیاسی خۆی خوڵقێنەر و پایەی مانەوەشیەتی، دژ بەیاسای مافی هاوڵاتی بوونە... واتە لێرەوە هەڵاواردنێکی یاسایی لەسەر بنەمای بیروباوەر و سیاسی ئامادەیە... جیا لەوانە دەسەڵاتی زۆنەکانی هەرێم بۆ یاساکانیان لەجیاتی پشت بەستن بە یاسای مەدەنی و هاوڵاتی، دین و شەرعیان کردۆتە مەبنای یاساکانیان، و هەڵاوردن و بیمافیان کردۆتە یاسایی و مافی تاک و هاوڵاتی لە کۆمەڵێک پیرۆزی دینی ومەزهەبی پێچراوە... لە پاڵ ئەو راستیانەدا، ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان سەخت و بێ موچەیی و بیکاری، بی ئەوەی لەبەرامبەردا بیمەی بێکاری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی هەبێت، وای کردووە هاوڵاتیان لە ژێر گوشارێکی زۆر سەختی بەڕیوەچوونی ژیاندا بن... هەموو ئەوانە ژینگەیان بۆ تاوان و تاوانکاری خوڵقاندووە... زۆری تاوانە زۆر و زەبەندەکانی کۆمەڵگەیەکی ٦ ملیۆنی لە کوردستاندا، ریشەی لەو واقعیەتەدایە.

هاوڵاتیان ئەگەر ژیانێکی گونجاو و شیاویان نەبێت، نان و لانی کەمی خۆش گوزەرانیان نەبێت، مافە زۆر سەرەتاییەکانیان زامن نەبێت، مافی فەردیان نەبێت، بیکار و بێ موچەو خزمەتگوزاری بن، ژن و پیاو لە بەرامبەر یاسادا یەکسان نەبن، سادەترین شت ئەوەیە رادەی تاوان و تاوانکاری زۆر بێت... لەوەها حاڵەتێکدا کە تاوان ژینگەکەی بۆ ئامادەکراوەو تادێت ئاستی تاوان و تاوانکاری زیاد دەبێت و یاساش هەم کۆنەپەرست و هەم نابەرابەر و جیاخواز بێت... ناکرێت روو لە میدیا و راگەیاندنەکان بکەیت، هەواڵەکانی تاوان و تاوانکاری نەگوازنەوە و رومالّی نەکەن... دیارە بەشیوەی مۆدێردن و پرۆڤیشناڵ... رومالّکردنی تاوان و تاوانکارییەکان خۆیان تاوان نین و بەشیکن لە کاری ئازادی رۆژنامەگەری، بەڵکو چۆنیەتی رومالّکردن و گواستنەوەی لایەنی سەرەکییە، رۆمالّکردنی هەر هەواڵێکی تاوان و کوشتن، دەبێ ئینسان و بەهای ئینسانی بپارێزێت، خۆی لە بریاری پیش وەختەی تۆمەت و سوکایەتی و تۆمەتبارکردن بەدوور بگرێت....

لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە، لایەنی بەرپرس بەر لەوەی تەنها چاوی لەوە بێت سنور و رێ وشوێن بۆ دەزگا راگەیاندن و میدیاکاران و سزاو پاداشت، ببەخشێتەوە، و سانسۆر بخاتە رومالّکردنی تاوان و تاوانکارییەکان، کە خۆی بەرپرسیاریەتی سەرەکی بەر دەکەوێت، ئەرکیەتی پەنجە بۆ هۆکارەکان و سەرچاوەکانیان رابکێشێت و هەوڵی لەبەین بردنیان بدات.. دزی هۆکارەکەی نەبوونی و ناچارییە... خۆ کوشتن رەنگدانەوەی داکوژانی هەموو ئومێدێکە... کوشتار و کوشتن، بەجیا لەهەر پاساوێک نەبوونی یاساییە بۆ سەندنەوەی ماف یان بەرگری لێکردنی.

کۆمەڵگەی تەندروست و خالّی لە تاوان و تاوانکاری، تەنها دەتوانرێت رەنگدانەوەی دەسەڵات و سیستەمێکی سۆشیالیستی و خالّی لە ستەمی چینایەتی و یان لانی کەم تەندروست و مۆدێرن و ئینسانی بێت، کە ئینسان بێ گوێدانە قەوم و دین و رەگەز و تایفە و بیروباوەر و...تاد، بەهای تەواوەتی خۆی هەبێت و یاساش بەرگری لە بەها جیهان داگرەکانی بکات.



# سەرهەڵدانی فاشیزم لەدڵی دیموکراسییەوە...

وەرگێڕانی: توانا محەمەد نوری

دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمامئۆغڵو، سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵ و ڕکابەری سەرەکی ئۆردۆغان لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتیدا، هەروەها دەستگیرکردنی زیاتر لە هەزار ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی، خاڵی وەرچەرخانێکی دیکەیە لە گۆڕینی سیستمی سیاسی تورکیا بۆ ڕژێمێکی پاوانخواز و فاشیست. هەرچەندە ڕژێمی سیاسی تورکیا چەند ساڵێک لەمەوبەر بە وازهێنان لە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و گۆڕینی پەرلەمان بۆ ئامرازێک بۆ شەرعیەتدان بە کارەکانی سەرۆککۆمار هەنگاوێکی گەورەی ناوە، بەڵام لەگەڵ دەستگیرکردنی ئیمامئۆغڵو و دوورخستنەوەی وەک کاندیدی سەرۆکایەتی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، سیستمی سیاسی تورکیا چووە قۆناغێکەوە کە تیایدا میکانیزمی هەڵبژاردن جگە لە گاڵتەجاڕی هیچی تر نابێت. سیستمێک کە تیایدا دەسەڵاتی دادوەریش بۆتە ئامرازی دەستی ئۆردۆغان. ئۆردوغان بە پشتبەستن بەو پاکتاوکردنانەی کە لە سوپادا ئەنجامی دا، بەو گۆڕانکاریانەی کە لە دەستووردا کردی، پاکتاوکردنی بەربڵاوی نەیارانی سیاسی لە بیرۆکراسی بەرفراوان و درێژخایەنی حکومەت، بە گۆڕینی دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئامرازێک بۆ پێشخستنی فەرمانەکانی، هەروەها بە دیزاینی پەرلەمان و هەڵبژاردن و زیندانیکردنی ڕکابەرە سیاسییەکان دەیەوێت کۆمەڵگای تورکیا بکاتە ڕەنگی پارتی داد و گەشەپێدان.( AKP)

ئۆردۆغان بە گرتنی ئیمامئۆغڵو و دوورخستنەوەی لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، پەیامێکی ڕوونی بۆ خەڵکی تورکیا و نەیارانی سیاسی و هاوپەیمانانی ئەوروپا ناردووە. هەرگیز ناچێتە ناو هەڵبژاردنێکەوە کە مەترسی لەدەستدانی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنەی لەسەر بێت. ئۆردۆغان لە یەک ڕۆژدا ئەم پێگەیەی بەدەست نەهێناوە.

لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی پارکی گێزی لە ساڵی ٢٠١٣، ماسکی میانڕەوی و ئاشتبوونەوەی لابرد و هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆی بۆ خۆپیشاندەران و نەیارە سیاسییەکان نیشاندا. لەو ڕۆژەدا حکومەتەکەی ئۆردۆغان هێزێکی گەورەی پۆلیسی بڵاوکردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندانەکانی پارکی گێزی. پۆلیسی تورکیا بە گازی فرمێسکڕێژ و تۆپی ئاو و گوللەی پلاستیکی و دار هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران. لە ئەنجامی هەڵکوتانەی پۆلیس هەزاران خۆپیشاندەر بریندار بوون و لانیکەم ١١ کەسیش گیانیان لەدەستدا. هەزاران خۆپیشاندەر و چالاکوانی مەدەنی و تەنانەت ئەو پزیشک و پارێزەرانەی کە هاوکاری خۆپیشاندەرانیان دەکرد، دەستگیرکران و دەستبەسەرکران. دواتر هەندێک لە سەرکردەی خۆپیشاندانەکان بە تاوانی "ڕووخانی دەوڵەت" دادگایی کران و سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپێندرا. لەو کاتەدا حکومەتی ئۆردۆغان فشارێکی زۆریشی خستە سەر میدیا ناوخۆییەکان بۆ ڕێگریکردن لە ڕووماڵکردنی نارەزایەتییەکان. زۆرێک لە تۆڕە تەلەفزیۆنییەکان ئامادە نەبوون بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووماڵی نارەزایەتییەکان بکەن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆش کەوتنە ژێر فشارێکی توندەوە. هەروەها حکومەت هەنگاوی بۆ فلتەرکردنی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیای وەک تویتەر و یوتیوب گرتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە هەماهەنگی زیاتری خۆپیشاندەران. دوابەدوای نارەزایەتییەکانی پارکی گێزی، حکومەتی تورکیا یاسای توندتری بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆبوونەوە گشتییەکان سەپاند و ئازادی ڕادەربڕینی بە توندی سنووردار کرد. دوای ٣ ساڵ لە سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی پارکی گێزی، کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی ٢٠١٦ بە سەرۆکایەتی ئەفسەرانی سەر بە فەتحوڵڵا گولەنەوە، دەرفەت و بیانووی بۆ ئۆردۆغان ڕەخساند بۆ ئەوەی بنکەی دەسەڵاتەکەی لە دەرەوەی سنووری پەرلەمان و دەسەڵاتی سیاسی، لە چوارچێوەی سوپا و پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەریدا بچەسپێنێت. لە کاتی سەرکوتکردنی کودەتاکە، زیاتر لە ١٥٠ هەزار فەرمانبەری حکومی، کارمەندانی سەربازی، پۆلیس، مامۆستا و مامۆستای زانکۆ لە کارەکانیان دوورخرانەوە. زیاتر لە ٤٠ هەزار سەرباز و ئەفسەری سەربازی دەستگیرکران کە لەنێویاندا ژەنەڕاڵ و فەرماندەی پلە باڵاکان بوون. ١٥٠ دەزگای ڕاگەیاندن داخران کە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆی تێدابوو. نزیکەی هەزار قوتابخانە و زانکۆی ئەهلی بە تۆمەتی پەیوەندی بە فەتحولڵا گولەنەوە داخران و هەزاران مامۆستای قوتابخانە و مامۆستای زانکۆ لە کارەکانیان دوورخرانەوە یان دەستگیرکران. زیاتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ دادوەر و داواکاری گشتی بە تۆمەتی جۆراوجۆر لە کارەکانیان دوورخرانەوە یان دەستگیرکران و سیستمی دادوەری کەوتە ژێر کۆنترۆڵی تەواوەتی حکومەتی ئەردۆغان. ئەردۆغان لە ساڵی ٢٠١٧ سیستمی حوکمڕانی تورکیەی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی گۆڕی لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بۆ گۆڕینی دەستوور بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر لە دەستیدا چڕ بکاتەوە. پاش ئەم سەرکوت و پاکتاوکردنانە، حکومەتەکەی ئۆردۆغان پارتی دیموکراتی گەلانی بە سەرۆکایەتی سەلاحەدین دەمیرتاش کردە ئامانج کە دژی هەڵوێستی فاشیستی حکومەتی ئەردۆغان بوون. سەلاحەدین دەمیرتاش یەکێک لە سەرکردەکانی پارتەکە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارانی کورد زیندانی کران و زۆربەیان تا ئەمڕۆش لە زینداندا ماونەتەوە؛ زۆرێک لە سەرۆک شارەوانییەکانی هەڵبژێردراوی شارەکانی کوردستان لە کارەکانیان دوورخرانەوە و جێگاکانیان بە کەسانی دڵسۆزی حکومەتی ئۆردۆغان پڕکرانەوە.

دوابەدوای ئەم زنجیرە چالاکییە، هاوپەیمانی ئۆردۆغان لەگەڵ پارتی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕاستڕەوی توندڕەو بە سەرۆکایەتی دەولەت باخچەلی ناسراو بە "هاوپەیمانی کۆماری" کە لە ساڵی ٢٠١٨ پێکهێنرا، زیاتر سروشتی فاشیستی ڕێبازی ئۆردۆغانی ئاشکرا کرد. پارتی بزووتنەوەی نیشتیمانی پشتیوانی لە گۆڕانکاری دەستووری و گواستنەوەی لە سیستمی پەرلەمانییەوە بۆ سیستمی سەرۆکایەتی کرد. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٨ کە پارتی داد و گەشەپێدان نەیتوانی زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت، ئۆردۆغان توانی بە هاوکاری ئەم هاوپەیمانییە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی درێژ بکاتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣ ئەم هاوپەیمانییەش ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرکەوتنی ئۆردۆغاندا بینی. ئۆردۆغان بە پاڵپشتی ئەم هاوپەیمانییە سەرکوتی نەیارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی مافی مرۆڤی چڕتر کردووەتەوە و یاسای نوێی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی میدیا و بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەرکرد و بە میلیتاریزم و هەڵمەتێکی دەستکراوەتر لە کوردستانی سوریا و عێراق بەردەوام بوو. بەم پاشخانە، ڕێبازی فاشیستی و تەماحی ئۆردۆغان بە لابردنی ئیمامئۆغڵو ناوەستێت. هەروەک چۆن پێداگری ئۆردۆغان و باخچەلی لەسەر چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە پێشەکییەک بوو بۆ دەستگیرکردنی ئیمامئۆغڵو، هەروەها گرتن و دوورخستنەوەی ئیمامئۆغڵو لە کێبڕکێی سەرۆکایەتیش پێشەکییەکە بۆ سەرکوتکردنی بەرفراوانتر بۆ سەر ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و گروپە عەلمانیەکان کە تا ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر لە چنگی سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتی دادوەری و ئاسایش ڕزگاریان بووە. ئۆردوغان دەیەوێت خەونی ئۆردۆغان بۆ ئیمپراتۆریەتێکی یەکگرتووی ئیسلامی بەدی بهێنێت بە پەراوێزخستنی سیستماتیکی پارتی گەلی کۆماریخواز بە سەرۆکایەتی ئیمامئۆغڵو و ئۆزگور ئۆزێل. لەم هەلومەرجەدا و لە دونیای سیاسەتدا فاشیستەکانی وەک بنیامین ناتانیاهۆ، دۆناڵد ترەمپ، جۆرجیا مێلۆنی و هتد لە قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداری و دیموکراسی بۆرژوازی سەرهەڵدەدەن و پارتە فاشیستەکان لە ئەڵمانیا و فەرەنسا پێگەی هێزی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بەدەستدەهێنن، بەبێ ئەوەی زیان بە پرۆسەی دیموکراسی بگەیەنن، تەماحەکانی ئەردۆغان و فەسادی بێ سنوور ڕووبەڕووی کەمترین ئاستەنگی دەرەکی دەبێتەوە.

لەم نارەزایەتیانەدا خۆپیشاندان و مانگرتن هێشتا بەردەوامە. هەڵاوسانی ٥٠٪، کورتهێنانی گەورەی بودجە، کەمبوونەوەی وەبەرهێنانە دەرەکییەکان و دەرچوونی سەرمایەی ناوخۆیی، وەستانی زۆرێک لە پرۆژەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، لەگەڵ گەشەی سەرسوڕهێنەری بودجەی سەربازی و خەرجکردنی زۆری ڕکابەرییە ناوچەییەکان لە سوریا و عێراق و لیبیاوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و ئەفریقا، قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان پەرەپێداوە.

لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، دەستگیرکردنی ئیمامئۆغڵو تووڕەیی و نارەزایی گشتیی لە نێو خەڵکی تورکیادا هەڵگیرساند بەرامبەر بە دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ژیانی خەڵک، گەندەڵی دامەزراوەیی و چڕبوونەوەی سەرکوت و هێرشی دووبارە بۆ سەر میدیا و ڕۆژنامەنووسان و کەسانی دیکە. لەم ڕۆژانەدا کە ئۆردۆغان ڕۆژانی تاریک دەهێنێتە تورکیا، بزووتنەوەی خوێندکاران بە دەستپێشخەرییە نمایشکراوەکانیەوە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە ڕێکخستنی نارەزایەتی شەقامی سەدان هەزار کەس لە شارە جیاجیاکانی تورکیا. هەرچەندە ئەردۆغان هەڕەشەی لە خۆپیشاندەران کردووە و بە تیرۆریستی سەر شەقام ناوی بردووە و پۆلیسیش بە باتۆم و گازی فرمێسکڕێژ و تەقەی تفەنگ ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بووەتەوە، بەڵام بە شێوازی سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی پارکی گێزی، نارەزایەتییەکان بێ وەستان بەردەوامن. واقیعەکە ئەوەیە کە هیچ شتێک لە دیموکراسی بۆرژوازی نەماوەتەوە جگە لە قاوغێکی بێ گیان. سیستمی سیاسی دیموکراسی بۆرژوازی بە دەرزی لێدانی لیبرالیزم لە مەترسی فاشیزم ڕزگار ناکرێ. ئۆردۆغان و ترەمپ و نەتانیاهۆ هەموویان فاشیستن، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکیان بە کارکردنی دیموکراسی بۆرژوازی گەیاندبێت. لەژێر ئاڵای ئەم دیموکراسییە بۆرژوازییەدا دەکرێت جینۆساید لە غەززە ئەنجام بدرێت، کوردستانی سوریا داگیر بکرێت و تاوانی جەنگ ئەنجام بدرێت، لەشکرکێشی لە عێراق و ئەفغانستان دەست پێبکرێت و هەڕەشەی داگیرکردن لە گرینلاند بکرێ و بە کورتیەکەی دەکرێ هەر تاوانێک لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوەبچێت. ئەرکی چینی سەرمایەدار بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە لە مێژوودا لە مێژە کۆتایی هاتووە. هیچ پارتێکی بۆرژوازی، هەرچەندە چەپ و ڕیفۆرمخواز بێت، ناتوانێت ئامانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەدیبهێنێت. دیارە ئەرکی وەدیهێنانی ئامانجی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە کەوتۆتە سەر شانی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ و هاوپەیمانەکانی.

سەندیکا کرێکارییەکان، جەماوەری ئینساندۆست و ئازادیخوازی تورکیا ئێستا دەرفەتێکیان بۆ ڕەخساوە کە دەتوانن بچنە سەر شەقامەکان و داواکاری و هیوا و خواستەکانی خۆیان ڕابگەیەنن و بوێرانە هەوڵی ڕووخاندنی حکومەتە دژە ئینسانیەکەی ئۆردوغان بدەن.

**لە فارسییەوە کراوەتە کوردی.**

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## چۆنیەتی پێکهاتنی شوراکان، ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەو بەڕێوەبردن، بەرگری لە گەڕانەوەی هێزی دڕندەی بەعس...

## هاوڕێ نوری بەشیر وەڵامی دەداتەوە

پرسی ڕۆژ: بزوتنەوەی شورایی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بۆ کوردستان.

یەکێک لەدەرکەوتە گرنگەکانی خرۆشان و ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەکوردستانی عێراق، سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شورایی بوو لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان، و دەرکەوتنی وەک هێزێکی جەماوەری پێشکەوتووخواز و چەپ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. هەرچەندە ئەو ئەزموونە تەمەنی مانگێکی تێنەپەڕاند و کەوتە بەرشاڵاوی بەرەی کوردستانی، و پاشانیش گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس و گرتنەوەی زۆربەی شارەکانی کودستان.

لەساڵیادی ٣٤ ساڵەی ئەو پێشڕەویە جەماوەریە بەڕێز( نوری بەشیر) یەکێک لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان دەدوێنین.



پرسی ڕۆژ: کورتەیەک لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شورایی و پێشڕەویە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لەوماوە کورتەدا چی بوون؟

نوری بەشیر: بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی ئازاری ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق، نوێترین و گەورەترین دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو لە مێژووی تازە لە کوردستان، لەبەرئەوەی تا پێش ڕاپەڕین و پێکهاتنی شوراکان، لەباری سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە کوردستان لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردایەتیەوە قۆرخکرابوو، بەتایبەت لەلایەن دوو هێزی پارتی و یەکێتیەوە، وە هیچ هێزێکی تریان لەبەرامبەر خۆیاندا نەدەبینیەوە ئەگەر هێزێک دەرکەوتایە ئەوا سەرکوتیان دەکرد. هەر لەسەر ئەم پاوانکردنەی مەیدانی سیاسیەش بەردەوام لەشەڕو یەکتر کوشتندا بوون، و کێشەیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا بەپلە دوو دەهات.

بە ڕاپەڕین و پێکهاتنی شوراکان ئەم هاوکێشەیە گۆڕانکاری بەسەردا هات، و کۆمەڵگەی کوردستان چووە قۆناغێکی نوێی کێشمەکێشی نێوان دوو هێزو بزوتنەوەو دوو چینی جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتیەوە.

هاتنەمەیدانی ئاشکرای سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکارو جەماوەری بەشمەینەت لەشوراکان، مەیدانی سیاسی کوردستانی گۆڕی بە کێشمەکێشی خەباتی شاری و چینایەتی نێوان کۆمۆنیستەکان و خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت و ژنان و لاوانی کۆمەڵگە لەلایەک، و حزبەکانی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد وەک نوێنەرو بەرگریکاری بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداران و ئاغاو شێخ (پاشماوەی دەرەبەگایەتی)و موستەشارو کۆنە بەعسیەکان، لەلایەکی ترەوە. هەر ئەمەش بوو لەیەکەمین دەرکەوتنی ئەو هێزانە لەناوشارەکانی کوردستان لەحزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی، لەبەرامبەر بەشوراکاندا وەک شێوەی دەسەڵاتی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت، و بە ترس بۆسەر بەرژەوەندی ئایندەی خۆیان سەیریان دەکرد ولەبەرامبەریدا وەستانەوە. یەکەمین ئەو کارانەی کردیان؛ بەدزینی کەلوپەلی ناو (بەنداو و نەخۆشخانە وکارگەکان) و ئاودیوکردنیان دەستیان پێکرد. لەگەڵ وەستانەوە بەرامبەر بە شوراکان و بەرنامەو سیاسەتی شوراکان و داخستنی، و هەروەها دەستبردن بە کوشتنی ژنان. پاشان یەکێتی ویستی لە ڕێگەی سەرکردەیەکی باڵایانەوە، لیژنەیەکی ئیغتیالاتیان بۆئەو مەبەستە دروستکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم هەواڵە دزەی کردبوو و لەناو سەرکردایەتی و ژمارەیەک لە ئەندامانیان لە ناو خۆیاندا، کە هاوڕێی کۆنی هەڵسوڕاوێکی شوراکان بوون و ئەویان ئاگادار کردەوە، هەربۆیە ناچارکران دەستهەڵگرن لەو تیرۆرانە.*

بەرنامەی شوراکان؛ لەیەکەمین ڕۆژەکانی ڕاپەڕینەوە کاتێک لەماوەیەکی زۆر کورتدا کوردستان لەهێزەکانی ڕژێمی بەعس پاککرایەوە، و بۆشاییی ئیداری و سیاسی دەسەڵاتداریێتی دروستبووبوو، یەکسەر کۆمۆنیستەکان دەستبەکاربوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئەگەرچی بزوتنەوەیەکی نوێ بوو لەو مەیدانەداو تا ئەوکات خەریکی کاری نهێنی بوو لەشارەکان، بەڵام لەباری تیۆریکەوە ئاشنا بە مارکس و لینین و تەجروبەکانی کۆمۆنەی پاریس، شوراکانی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ای ڕوسیا و کوردستانی ئێرانی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ دا لەبەردەستدابوو، توانیان پێشڕەوی بنوێنن بەتایبەت لەشارەکانی وەک (سلێمانی وهەولێر ورانیە وکەرکوک وباینجان...تاد)

ئەوەبوو وەک دەسەڵات دەستبرا بۆ شوراکان، بەڵام بە پێچەوانەی مۆدیلی دەسەڵاتی بەعس و حکومەتە تەقلیدیە باوەکان لە دنیادا وەک سیستەمی پەرلەمانی، کە حزبەکانی کوردایەتی هەمان شتیان دەوێت، کە هەرچوار ساڵ جارێک پێویستیان بە دەنگی خەڵک دەبێت و سندوقەکانی دەنگدان دادەنێن، و پەنجەمۆریان پێدەکەن بۆ بەرەسمیەت ناسینی دەسەڵاتەکەیان، بەڵام بەدوای هەڵبژاردندا هیچ حسابێک بۆ خەڵک ناکەن.

شوراکان جۆرێکی تر وشێوازێکی تری لەدەسەڵات وحوکمڕانی بانگەوازکرد و دەستی بۆبرد، وەک دەسەڵاتی جەماوەری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لە کوردستان، واتە خەڵک ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە نەخشە وبەڕێوەبردن و دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەدا. واتە شوراکان هەم یاسا دادەنێن و هەم کۆمەڵگەش بەڕێوەدەبەن. لەماوەیەکی کەمدا شوراکان زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، و وەک هێزێکی جەماوەری فراوان خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت، لاوان و ژنان ڕوویان تێکرد، چ لە گەڕەکەکان یان لە کارگەکاندا واتە لەشوێنی کار وژیانیان.

بەرنامەی سیاسی شوراکان، یەکسەر وەک سونەت و دەسەڵاتداریێتی چینایەتی کۆمۆنیستی و کرێکاری دەستیان بۆ برا، ئەوەبوو لە ٨/٣ یەکەم بنکەی شوراکان لە قوتابخانەی ئاوات لەسلێمانی دامەزرا، ڕاگەیاندنێک بەناوی ڕاپەڕین و شۆڕش درێژەی هەیە بەناوی کرێکارانی شاری سلێمانی دەرکرا. ڕۆژی ٩/٣ سێ ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە: یەکێکیان بەناوی؛ بەرئەنجامی ڕاپەڕین دەسەڵاتداری شوراییە. ڕاگەیاندنی دووەم بەناوی؛ ئەرکە دەستبەجێکانی شورای گەڕەکەکان. ئەوەی سێیەمیان بەناوی: بۆ هەموو کرێکاران لە کارگەکان و شوێنە کرێکاریەکان.

بەخێراییەکی زۆرەوە شوراکان لەزۆرێک لەگەڕەک و کارگەکاندا لەکۆبوونەوەی گشتیدا هەڵبژێردران و دروستبوون. لە سلێمانی و هەولێرو دوایی لەکەرکوک و لەهەندێک شارۆچکەو مجەمەعەکاندا، کە بەدەیان هەزار لە خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت، لاوان و ژنان لەدەوری کۆبوونەوە. بەزوویی پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی شوراکان لە بەرنامەکانی وەک (یاسای کاری کرێکاریی، یاسای یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان، خواستی دەرکردنی مدیرو لێپرسراوە کۆنە بەعسیەکان، نەگەڕانەوەی ڕژێمی بەعس، هەڵوەشانەوەی سوپای تایبەت و دامەزراندنی هێزی چەکداری شوراکان، بەشداری ژنانێکی زۆرو چەکداربوونی ژنان، جیایی دین لەدەوڵەت، دامەزراندنی لیژنەی تەعاونی بۆ هەلومەرجی خراپی ئابووری خەڵک، بەدژی ئاودیوکردنی کەلوپەلی نەخۆشخانەو بەنداوەکان کە حزبەکانی ناو بەرە دەستیان بۆبردو خواستی دەرکردنی مدیرە کۆنە بەعسیەکان، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەرگری مانەوەیان لێ دەکردن، دەیان مەیدانی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی) لەلایەن شوراکانەوە دەستی بۆ برا.

بەڵام لەولاوە، بەرنامەی سیاسی و ئایدۆلۆژی حزبەکانی کوردایەتی ناو بەرە ئەوەبوو کە دەسەڵاتی خۆیان و هێزو سەرکردە کۆنەکان لەجێگای هێزەکانی ڕژێمی بەعس دابنێن و حوکمڕانی کوردستان بکەن. واتە لەجیاتی دەزگا ئەمنیەکانی بەعس، دەزگای ئاسایش و زانیاری وپاراستنی خۆیان دابنێن، مانەوەی بەعسیەکان لە پۆستەکانیاندا، یان دانانی

ئەو بەعسیە کوردانەو لێپرسراوانی خۆیان و دزو گەندەڵکارانێک کە لە هاتنە ناو شارەکان لەدەوریان کۆبوونەوە دابنێن. لە ساتوسەداکردن لەگەڵ رژێمی سەدام و دوای کەوتنی بەعس، کەوتنە ساتوسەدا لەگەڵ دەسەڵاتە یەک لەوای یەکەکانی بۆرژوا ئیسلامی و قەومی شیعی و سونیەکان، و بەردەوام بوون لە خۆگرێدانەوەیان بە سیاسەتی ئەمریکاو چوونە باوەشی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران. رەنگە قسەی زۆری نەوێت لەسەر کارنامەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیان، لەبەرئەوەی لەماوەی ئەم ٣٤ ساڵەدا بۆ خەڵکی کوردستان زۆر رۆشنەو رۆژانە خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت و ژنان و لاوان دەستەویەخەن لەگەڵیان، بەم سیاسەتانەیان شوراکانیان بەترس لەسەر نفوزو دەسەڵات و ئایندەی خۆیان دەزانی. واتە ئەم شێوازە لەحوکمرانی ٣٤ساڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەیەکەم رۆژانی دەسەڵاتیانەوە وەک رۆژی رووناک ئاشکرابوو.

لەباری کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگەی کوردستان، وەک کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری و شاری، چینی کرێکارێک کە بەرهەمهێنەری سەرەکی کۆمەڵگەیە، پێشتر بەجیا لە بەشداریان لە رێکخراوە نهێنیەکانی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە یەکێتیە کرێکارو نەقابەکاندا کاریان کردبوو، بەدوای راپەریندا دەستبردن بۆ شوراکان، زۆرێک لە کرێکاران و ئازادیخوازان و ژنان و لاوانێکی بەرچاو لەناو شوراکانی گەرەک و کارگەکاندا کۆبوونەوە، و بووە مەیدانی کێشمەکێشیان لە شوراکانی کارگەکاندا لە بەرامبەر هێزەکانی بەرەی کوردستان و یەکێتی و پارتیدا.

ئەوەبوو کرێکاران لەگەڵ بەرنامەی شوراکاندا بوون، بەتایبەت بۆ یاسای کاری کرێکاریی، دەستیان برد بۆ شوراکانی کارگەکان وهەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان، دەستیان برد بە لابردنی مدیرە کۆنە بەعسیەکان و لەجێگایدا خۆیان مدیر هەڵبژێرن، بەرە لایەنگری مانەوەی مدیرە کۆنە بەعسیەکان بوو. خەباتی ئەم دەوریەی کرێکارانی جگەرەو شارەوانی و کارەباو نەخۆشخانەکان بەرچاوبوو، واتە مەیدانی کێشەی چینایەتی کرێکاران و کۆمۆنسیتەکان لەبەرامبەر بەرەو حزبەکانی کوردایەتی هەلومەرجی کۆمەڵگەی داگیرکرد کە تا ئێستاش بەردەوامە، و رۆژانە توندتر دەبێتەوەو کۆتایی بەو دەورەیە هێنا کە ناسیونالیزمی کورد تەنها مەیدانداری سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان بێت .

پرسی رۆژ: نیشاندانی رۆڵی جوامێرانەی شوراکان لەبەرگریکردن لەبەرامبەر گەرانەوەی هێزەکانی رژێمی بەعس بەتایبەت لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی، کەزۆر گرنگە بۆ نەوەی دوای راپەرین وەک دەرسێک بخرێتە بەردەستیان؟

نوری بەشیر: ئیشارەمان پێدا کە شوراکان دەرس و تەجروبەی زۆری هەیە، لەمەیدانی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە بەشێکی وەک دۆکۆمێنتی دەورانی شورکان و بەشێکی کە لەلایەن هەڵسوراوانی شوراکان بەشێوەی کتێب لەژێر ناوی (بزوتنەوەی شورایی لەکوردستانی عێراق)، یان لە چاوپێکەوتن و قسەو نوسینی هەڵسوراوانی شوراکان لە رۆژنامە یان لە پەیجی فەیسبووکدا بەناوی (دەسەڵاتداریێتی خەڵک لە شورکاندا)، خراونەتەروو. بەنەزەری ئێمە هێشتا ئەمانە هەموو شتەکان و بەڵگەکان و دەرسەکانی شوراکان نییە. جێی خۆیەتی لەم دەرفەتەدا هەندێک زانیاری زیاتر کە تاوەکو ئێستا نەخراونەتە بەردەست بخەینەروو و بجوڵێنین، ئەمەش بۆکردنەوەی دەرگایەک بۆ هەرکەس و لایەنێک زانیاری و دەرس و تەجروبەو دۆکۆمێنتی لا هەیە هی دەورانی راپەرین و شوراکان بیانخاتە بەردەست، بۆئەوەی لەداهاتوو خۆمان یان کەسانی دیکە بتوانن پوختر وتێروتەسەلتر لەچوارچێوەی کتێب وباس وپرۆژەی هونەریدا کۆبکرێنەوە.

یەکێکی تر لەخاڵە پرشندارەکانی شوراکان بەرگریکردن بوو لەبەرامبەر گەرانەوەی هێزەکانی رژێمی بەعس، بۆ ئەمەش شورا هێزی چەکداری دروستکردبوو. شوراکان هەڵقوڵاوی هەلومەرجی ئەوکاتی رژێمی بەعس بوو بەتایبەت هەلومەرجی جەنگی عێراق وکوێت کەرژێم لاوازی پێوەدیاربوو. لەو هەلومەرجەدا چەپ و کۆمۆنیستەکان لەناوشارەکاندا لەگەڵ جەماوەری ئازادیخوازو لاوان و ژناندا کۆمیتەکانی راپەرینیان دروستکرد. توانیان دەوری پێشرەو ببینن و لەماوەیەکی کورتدا کوردستان پاکبکەنەوە لە هێزەکانی بەعس. ئەمە تەجروبەیەکی خستە بەردەم کۆمۆنیستەکان، چەپ و ئازادیخوازان و خەڵکیش چەکداربوون. لە یەکەمین رۆژەکانی دەستبردن بۆ شوراکان و دەرکردنی چەند بەیان و راگەیاندنێک لەسەر درێژەی راپەرین و شورا، وە هەر لە رۆژەکانی سەرەتاوە هێزی چەکداری شوراکان دروستکرا، وەک خۆ ئامادەکردن بەدژی هەر هێرشێکی رژێمی بەعس و گەرانەوەی. هەروەها ئەم هێزی چەکداری شورایانە بۆ پارێزگاری لە شارو ناوچەکان بوو کە شوراکانی تێدا دامەزرابوو. بەپێچەوانەشەوە هێزەکانی بەرەی کوردستانی وهێزەکانی بەعس لەجاش و چەکدارانی رژێم کەبەرەی کوردستانی لێیان خۆشبووبوو، پلان وبەرنامەیەکی لەوجۆرەیان نەبوو کەداکۆکی وبەرگری بکەن لەخەڵک ولەشارەکان لەکاتی هێرشی بەعس.

دەورانی شوراکان ئارامترین دەورانەکانی ئەو دەورەیەی دوای راپەرین بوو. شوراکان لە گەرەکەکاندا هێزی چەکداریان هەبوو، بۆ پارێزگاری لە ژیان و ماڵ و شوێنەگشتییەکان، ئەمە شوێنی دڵنیایی خەڵک و دڵخۆشی بوو لە کۆمەڵگەدا، بەڵام بەپێچەوانەوە شوێنی نیگەرانی بوو بۆ بەرەی کوردستانی و بەتایبەت یەکێتی و پارتی و شوراکانی لەبەرامبەر خۆیاندا دەبینی.

خاڵێکی گەورەو بەرچاوە کە شوراکان لەخۆیانیان نیشاندا بەرگریکردن بوو لەکاتی گەرانەوەی هێزەکانی رژێمی فاشی بەعس بۆ کوردستان. واتە گەرانەوەی رژێمی بەعس تەجروبەیەکی رۆشنە لەلای خەڵکی کوردستان لە بەرگرینەکردن و راکردنی حزبەکانی ناو بەرەو بەرگریکردنی شوراکان. حزبە ناسیونالیستەکان لەپاڵ بەرژەوەندی و سەلامەتی خەڵکی کوردستاندا نەبوون، بەوەی کە هەواڵی گرتنەوەی کەرکوک بڵاوبۆوە، هەموویان پێش لەخەڵک (بەتایبەت بەرپرسە سەربازی وسیاسیەکان خێزانەکانیان گەیاندە سنوورەکانی ئێران وتورکیا)، وهێزەکانیشیان هەرزوو پاشەکشەیان کرد بەبێ بەرگیرکردنێکی نەخشەبۆدارێژراو کەبتوانن کەمترین خەڵکی مەدەنی ببنە قوربانی بەردەستی هێزەکانی رژێم، بۆیە تا سنورەکانی ئێران و تورکیا نەوەستان و کۆرەوی ملیۆنیان بەسەر خەڵکدا سەپاند. تەنانەت ئەو کارەساتی کۆرەوەیان بەدەستکەوت بۆخۆیان و بۆخەڵک لەقەڵەم دەدا، گوایە (بەوکۆرەوە پرسی کورد بەدنیا دەناسێنن وەک هەڵەبجە). لەکاتێکدا لەگەڵ هەواڵەکانی خۆئامادەکردنی رژێمی بەعس و گەرانەوەی بۆ کوردستان، شوراکان خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرگری، واتە شوراکان و هەڵسوراوانی شورایی لە هەولێرو سلێمانی هێزی چەکداری شوراکانیان ئامادەکرد، و بانگەوازی خەڵکیان کرد بۆ بەرەنگاری و نەگەرانەوەی رژێمی بەعس و بە عەمەلی بەرگریان کردو ژمارەیەک لە هاورێیانی شورا گیانیان بەختکرد وبرینداربوون و لەناوشار گیربوون.

لەگەڵ ئەوەی رژێمی بەعس خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ هێرش بۆسەر کوردستان، شوراکانی کەرکوک هەر خەریکی بەرگری و هێرش بوون بۆسەر مەعەسکەر خالید کە تا ئەوکات نەگیرابوو، (ئاراس عەبدولکەریم) رۆژی ٢٦/٣ لە هێرش بۆسەر ئەو مەعسکەرە لەکەرکوک گیانی لەدەستدەدا، هەر لەوکاتەوە هێزەکانی بەعس ئامادەکاری دەکەن و کەرکوک دەگرن و خەڵکەکەی بە سەدان هەزاری بەرەو ناوچەکانی هەولێرو سلێمانی بەپێ بەرێدەکەوتن. رۆژی ٢٨/٣ مەفرەزەیەکی شوراکان بەرەو کەرکوک دەرۆن بۆ هاوکاری و گرتنەوەی مەعەسکەر خالید، بەڵام لە چیمەن دەرگیر دەبن لەگەڵ هێزەکانی بەعس کە بەرەو سلێمانی دێن و ژمارەیەک لە هاورێیانی شوراکان و مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بێئاگان لەوەی حزبەکەیان بریاری بەرگریکردنی نەداوە، و خۆیان کۆکردۆتەوە بەرەو سنور برۆن، لەگەڵ مەفرەزەی شوراکان دوای بەرگریەکی سەختی زۆر بەدژی سوپای بەعس و تۆپ و تەیارەو هەلیکۆپتەر ژمارەیەکی زۆریان دەکوژرێن و بریندار دەبن و ژمارەیەکیش بەبرینداری رەمی دەکرێن، لەوانە دوو لە هاورێیانی شورا کە دوو هەڵسوراوی شوراکان و رابەرانی مەفرەزەکە بوون بەناوەکانی ( نامق عزیز علی و سەردار مەحمود عارف ) لە ١/٤ دا لەناوچەی چیمەنی نێوان قەرەهەنجیر و کەرکوک گیانیان بەخت دەکەن.

هەواڵی گرتنی کەرکوک و گەرانەوەی لەشکری بەعس بۆ سلێمانی وهەولێر بڵاودەبێتەوە. شوراکان هەوڵی خۆ ئامادەکردن دەدەن بۆ بەگری. لە سلێمانی وەفدی شورا لە پەیوەند بە بەرگریکردن و رێگریکردن لە گەرانەوەی هێزەکانی بەعس بۆ کوردستان، سەردانی زۆرێک لەحزبەکان دەکەن. یەکێتی و پارتی بە تایبەت کە یەکێتی هێزی زۆرتری هەبوو لە سلێمانی و خەریکی جموجوڵی چۆڵکردنی شار بوون، شوراکان لەو سەردانەیان بۆ بەرەنگاری، داوا لە حزبەکان دەکەن کە ئەوانیش ئامادەکاری بکەن و پێکەوە بەرگری بکەن، بەڵام وەڵامی حزبەکان ئەوەبوو کە یەکێتی و پارتی و سەرکردایەتی و هێزەکانیان کۆکردۆتەوەو شاریان بەجێهێشتووە، بۆیە بەرگری ناکرێت.

بەڵام شوراکان بە ناو شاردا دەگەران و داوای بەرگری و مانەوەیان لەخەڵک دەکرد بۆئەوەی بێن و لەگەڵ شوراکاندا چەکدار بن و نەیەڵن سوپای بەعس بگەرێتەوە، بەڵام حزبە گەورەکانی کوردایەتی خەڵکیان بێئومێد کردبوو سەرەتا سەرکردەکانیان و بە چەکەکانیانەوە و ئاگاداری دەوڵەمەندو گوێ لەمستەکانی خۆیان کردبوو بە ئاسانی و بە سەیارە، شاریان جێدەهێشت و خۆیان لەسنورەکان توند دەکردو خەڵکیان لەو هەلومەرجە سەختەدا کە رێزی خەڵک لەکەرکوکەوە تا سلێمانی و لەوێوە تا سنور، ژن و منداڵ و خەڵک بێنان و ئاو و بە پێی پەتی و جەوی باراناویەوە، بێئاسۆ رێگای نا دیاری گرتبووە بەر، دیاربوو حزبەکانی کوردایەتی تەجروبەی پێشتریان هەبوو کە چاوەرێی چەند کۆمەڵکوژی تری وەک هەڵەبجەیان دەکرد!

بەدوای کەرکوکدا هێزەکانی بەعس بە تۆپ و تەیارەوە بەرەو هەولێر دەرۆن، نزیک دەکەونەوە لە پردێ و دوایی بۆ هەولێر. کاتێک شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی ئازار هەولێر دەدرێتە بەر هاوەن و تەقەش لەناو شار هەبووە لەلایەن کەسانی سەر بەرژێم، و سوپا نزیک دەبێتەوە خەڵکی دەوروبەری رێگای کەرکوک هەستیان پێکردبوو و بەرەی کوردستانی پاشەکشە دەکات و نیازی بەرگریکردنی نەبووە، سەرگەردانی بێئومێدی روویان تێدەکات.

شوراکان سەر لەبەیانیەکەی کە شەر گەیشتبووە دەوروبەری شار لەرێگەی کەرکوک وموسڵ،

بۆ لاپەرە 12




# سەرچاوەو هۆکارو چارەسەری تاوان وکوشتن لە کۆمەڵگەدا؟!

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

ماوەیەکە دیاردەی کوشتن لە کوردستان پەرەی سەندووە. کوشتنی خێزانێک لەهەولێر و خێزانێک لە گوندی گرێزەی شارەزوور و کوشتنی ژنێک لە ئاکرێ و کوشتنی خێزانێک لە سلێمانی کوشتنی دوو خوشک لە لایەن برایەکیانەوە لە کەرکوک و کوشتنی کەسێک لەسلێمانی لەسەرەی شەربەت کڕیندا زۆر کوشتنی تر لە چەمچەماڵ هەولێرو ڕانیەو گەرمیان و چەندین شارو گوندی تری کوردستان وەک دیاردەی ئەم چەند ڕۆژە بووە. بۆ ئەوەی تاوان و کوشتن نەمێنێ دەبێ سەرچاوە و هۆکاری تووش بوونی کۆمەڵگە بەم نەخۆشییە کوشندەیە بزانین. وەک چۆن چارەسەری نەخۆشیەکانی مرۆڤ بەبێ تەشخیس کردنی هۆکارو سەرچاوەکانی ناکرێ. بەتایبەت ئەم دیاردەیە زۆرتر لە مانگی ڕەمەزاندا زیادی کردووە، چونکە هاوشانی ڕق و کینەیەک لە مێشکی تاوانباردا چێنراوە بەرانبەر بەو کەسانەی کە بچووکترین ڕەخنە ئەگرن لە ئیسلام جا ئەگەر دایک و باوک وبراو خوشک و هاوسەرو کەسوکاریشیان بێت هاوکات ڕۆژوو گرتنیش بەو جۆرە دەبێتە هۆی هەڵچوون و تووڕەیی زیاتریان. سەرچاوەو هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە ودیاردەیە لە ڕیشەدا سیستەمی چینایەتی و قەیرانەکان و گرانی وبێکاری وهەڵاوسانی دارایی یە، لە هەمان کاتدا ئەو پایەو عەقل بیرکردنەوانەی کەم ئەم سیستەمەی ڕاگرتووەو هێشتوویەتەوە وەک یاسا و دەستورو سیاسەت و ئایین و فەرهەنگ و کولتور. کەبەهۆی سەرجەمی ئەمانەوە ژینگەیەکی پیس بۆ سەرهەڵدانی تاوان و کوشتنەکان هاتوەتە بوون. لە کوردستان ئەم ژینگەیە زۆر پیسترە بەتایبەت بۆ ژنان دەنا ئەم ژینگە پیسە لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا هەیە، بۆیە ڕێژەی تاوان و کوشتن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیاد بووندایە تەنانەت لە وڵاتانی ناسراو بە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانیش. تایبەتمەندیەک هەیە بۆ کوردستان کە بێ وێنەیە لە جیهاندا. وەک ئەوەی تاوان بەرانبەر خێزانی خۆت ئەنجام بدەی وەک کوشتنی دایک وباوک و خوشک وبراو هاوسەری خۆت، ئەو تایبەتمەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی دەسەڵاتی سیاسی کە بواری داوە ئیسلامی سیاسی بە هەموو جۆرەکانی سەلەفی وئیخوانی و سۆفی و ئەوانی تر ڕۆژانە ژەهری ڕق و توندڕەوی بڕێژن و مێشکی گەنج ولاوەکان ژەهراوی بکەن بەم ڤایرۆسە، کە ئەنجامەکەشی ئەوەیە کەدەیبینین لە ئێستادا، بەڵگەش بۆ ڕاستی ئەم هۆکارەش بەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە تاوانباران و بکوژەکان باوەڕدارن بەئیسلام ئیتر کەم تا زۆر، کەچی تاوانبارانی لەم جۆرە نابینێ کە کەسانی عەلمانی و چەپ و کۆمۆنیست و مولحید و خاوەن ڕۆشنبیریەکی مرۆڤانە بن. بەشێکی گەورە لەم تاوانانە بەهۆی زیاد بوونی فرە ژنی و کۆیلە کردنی ژنانەوەیە لە لایەن پیاوانی ئایینیەوەیە کەهیچ ئازادییەک بۆ ژنان بە ڕەوا ناناسێ و تا بۆیان بکرێ ژیانی ژنان وەک سەدەکانی ناوڕاست و ١٥٠٠ ساڵ پێش لێ دەکەن وەک ئەوەی ئێستا لە ئەفغانستاندا هەیە. خودی ئەو گوناه وتاوانانەی تریش وەک دزی وتلیاک فرۆشتن و قومار و فێڵ کردن و پاشقول گرتن و مشروب خواردنەوەو هتد هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە پیسەی سیستەمی چینایەتی و سەرمایەداریەی کە جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەندی زۆر زیاد کردووە و پیاوانی ئایینیش پاڵپشتی لە مانەوەی دەکەن، بۆیە درۆیەکی گەورەیە ئەگەر بتەوێ تاوان و گوناهەکان بە ڕێگای ئاییین چارسەر بکرێت. چاو لەو وڵاتانە بکەن کە دەسەڵاتەکەی ئیسلامییە یاخود زۆربەی موسڵمانە ڕێژەی تاوان و گوناە تیایاندا زۆر زیاترە لەو وڵاتانەی کە بە ئیسلامی نەکراون. لەم جۆرە وڵاتە عەلمانیانەدا کە زۆربەی خەڵک باوەڕیان بە هیچ ئایینێک نییە، ڕاستە کوشتن و تاوان وگوناە هەیە، بەڵام هەواڵی لەو جۆرە نابیستی کەسێک دایک یا باوک یا برا یا خوشکی یا ژنی بکوژێت ئەگەر هەواڵی لەوجۆرەش هەبێت لە لایەن کەسانی هاتووی ناو کۆمەڵگە ئیسلامیەکانن، چارەسەری تاوان لەڕێگای ڕووخانی سیستەمی چینایەتی و دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیەوە دەکرێ بەشێوەی یەکجاری، بەڵام دەکرێ تاوان کەم بکرێتەوە بە دامەزرانی دەسەڵاتی عەلمانی کە دین لەدەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن جیابکاتەوە. ئەم ڕێگا چارەیە گشتیە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو کوردستان ڕێگای فەوری ئەوەیە کەدەستی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی و ئەو بانگخوازانە دەبێ کورت بکرێنەوە کە بوونەتە هۆی زیادکردنی ڕق و تووڕەیی و بێهۆش کردنی گەنجان و مێردمنداڵان. دەبێ ئایین وەک باوەڕی تاکی مرۆڤ تەماشا بکرێ هەر کەس ئازاد بێت ئایینی هەبێت یا نەیبێ یا هەر ئایین و عەقیدەو باوەڕێکی تری هەبێت. دەبێ بکوژانی تاوانەکان سزا بدرێن نەک بە سوڵحی عەشایەری و واستەو بەرتیل سزا نەدرێن...

********



# ژیان لەسایەی دەوڵەتی مافیاگەریدا!

## نووسینی: ریبوارياسين فتاح

لە ١٣ی ئازاری ٢٠٢٥، هەولێر شاهیدی کۆمەڵکوژییەکی دیکە بوو- د. سیروان مەحمود، پزیشکی نەشتەرگەری گشتی، بە شێوەیەکی دڕندانە چوار کەسی کوشت، کە لەنێویاندا هاوسەرەکەی و خەزووری و یەکێک لە منداڵەکانی خۆی و خوشکی هاوسەرەکەی. ئەمە تەنها تاوانێکی تر نییە؛ دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی حوکمڕانی گەندەڵ و بێ یاسایی پارتی و یەکێتی و شکستی تەواوەتی پارتی و بەغدایە لە حوکمڕانی.

**هەرێمێکی بێ یاسا کە لەلایەن تاوانباران بە عەزییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت:**

پارتی و یەکێتی کوردستانیان کردووە بە خاکێک کە تاوانباران ئازادانە کاردەکەن و هەرکەسێک دەسەڵاتی هەبێت یان پەیوەندی سیاسی هەبێت دەتوانێت لە دادپەروەری ڕزگاری بێت. سیستەمی یاسایی کە سەردەمانێک مەبەستی پاراستنی خەڵک بوو، ئێستا تەنها بنەماڵە مافیاییەکانی دەسەڵات دەپارێزێت.

دادگاکان کۆنترۆڵ دەکرێن، پۆلیس خزمەتکاری سەرکردە سیاسییەکانە و دادوەرەکان لەبری جێبەجێکردنی یاسا فەرمان لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان وەردەگرن. خەڵک باوەڕیان بە دادپەروەری نەماوە- چونکە دادپەروەری، لە سەردەمی پارتی و یەکێتیدا، بازرگانییە نەک سیستەمێک بۆ پاراستنی هاووڵاتیان. کاتێک کەسێکی خاوەن پارە یان کاریگەری سیاسی تاوانێک ئەنجام دەدات، دەتوانێت بەرتیل بدات بە ڕێگەی دەربازبوون، هەڕەشە لەو کەسانە بکات کە بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێن، یان ئەگەر پێویست بکات، هەرکەسێک کە ڕەتیدەکاتەوە بێدەنگ بێت، لەناوببەن.

هەر لەبەر ئەمەشە کە تەنانەت پزیشکێکی خوێندەواری بەرزی وەک سیروان مەحمود بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی بنەماڵەکەی، ڕووی لە دادگا نەکرد- چونکە دەیزانی دادگاکان بێ کەڵکن. بەڵکو توندوتیژی هەڵبژارد، دەیزانی لە کوردستانی ئەمڕۆدا ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە دەتوانن بەبێ دەرئەنجام بکوژن.

چەک لە هەموو ماڵێکدا: ستراتیژییەکی بە ئەنقەست لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە

یەکێک لە لایەنە هەرە ترسناکەکانی ئەم کۆمەڵکوژییە ئەوەیە کە بە چەکێکی ئۆتۆماتیکی ئەنجامدراوە- چەکێک کە هەرگیز نەدەبوو لە دەستی خەڵکی مەدەنیدا بێت. کەچی لە کوردستان هەرکەسێک پەیوەندی هەبێت دەتوانێت چەکی ئاگرین بەدەست بهێنێت و کەسیش پرسیار ناکات.

ئەمە ڕووداوێک نییە- ستراتیژێکی بە ئەنقەست لەلایەن پارتی و یەکێتییەوەیە. ئەوان دەیان ساڵەیان بەسەر بردووە لە پڕچەککردنی دڵسۆزانەکانیان لە هەمان کاتدا ڕێگەیان داوە کۆمەڵگە بە چەک لافاو بێت. بۆچی؟ چونکە کۆمەڵگەیەکی چەکدار و ترسناک ئاسانترە بۆ کۆنترۆڵکردن.

ئەگەر خەڵک لە ژیانی خۆیان بترسن، نارەزایەتی دەرنابڕن.

ئەگەر خەڵک متمانەیان بە دادگاکان نەبێت، ئەوا تەحەدای سیستەمەکە ناکەن.

ئەگەر خەڵک جگە لە توندوتیژی هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لەبەردەستدا نەبێت، حکومەت دەتوانێت پاساو بۆ سەرکوتکردنی زیاتر بهێنێت.

وە حکومەتی عێراق چی کردووە بۆ ئەوەی ئەم کارە بوەستێنێت؟ هیچ. بەغداش هەر بەهەمان شێوە بەرپرسیارە، چونکە ڕێگەی بە پارتی و یەکێتی داوە کوردستان وەک دەوڵەتێکی مافیای جیا، لەدەرەوەی یاسا بەڕێوەببەن. دەستوەرنەدانی حکومەتی فیدراڵی کوردستانی کردووە بە هەرێمێک کە کوشتن و تیرۆری سیاسی و کۆمەڵکوژی بێ ئاکام ڕوودەدەن.

**هاوسەرگیری و تەڵاق و داڕمانی کۆمەڵگای کوردی:**

ئەم کارەساتە تەنها پەیوەندی بە تاوانی یەک پیاوەوە نییە. باسی سیستەمێکە کە نەیتوانیوە گەلی خۆی بپارێزێت. هاوسەرگیری و تەڵاق کە سەردەمانێک لایەنی پیرۆزی کۆمەڵگەی کوردی بوو، ئێستا بووەتە بەرەکانی شەڕ کە ژنان مافیان نییە و ناکۆکی خێزانیش بە کوشندەیی دەگۆڕێت، چونکە سیستمی دادپەروەری بە تەواوی تێکچووە.

ئەو ژنانەی دەیانەوێت تەڵاق بدەن، ڕووبەڕووی ئاستەنگی یاسایی بێکۆتایی دەبنەوە.

ئەو خێزانانەی بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێن، بەرەوڕووی گەندەڵی و دواکەوتن دەبنەوە.

ئەوانەی دەسەڵاتیان نییە، بەناچاری بێدەنگی یان ملکەچبوون.

ئەگەر دادگاکان بە باشی کاریان بکردایە، ئەگەر یاسای پاراستنی خێزانەکان و ڕێکخستنی جیابوونەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هەبوایە، ئەگەر متمانە بە سیستەمی دادوەری هەبوایە، دەکرا ڕێگری لەم کۆمەڵکوژییە بکرایە. بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە توندوتیژی تاکە زمانە کە ماوەتەوە- کۆمەڵگەیەک کە پارتی و یەکێتی و پارتی و بێدەنگی حکومەتی عێراق دروستیان کردووە.

**نرخی قسەکردن**

دەزانم بە نووسینی ئەم بابەتە خۆم دەخەمە مەترسییەوە. پارتی و یەکێتی تەحەمولی ڕاستی ناکەن. بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لە بێدەنگکردن و زیندانیکردن و تەنانەت تیرۆرکردنی ئەو کەسانەی کە گەندەڵی و دڕندەیی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

**دەبێت چی بکرێت؟**

ئەم کارەساتە دەبێت خاڵی وەرچەرخان بێت. پێویستە خەڵکی کوردستان داوای گۆڕانکاری بکەن پێش ئەوەی گیانی زیاتر لەدەست بچێت. پێویستە داوای:

دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ، دوور لە کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتی

یاسای توندی کۆنترۆڵکردنی دەمانچە بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژی زیاتر..

پاراستنی ژنان و خێزانەکان، دەستەبەرکردنی هاوسەرگیری دادپەروەرانە و یاساکانی جیابوونەوە..

کۆتاییهاتنی حوکمی مافیای پارتی و یەکێتی، کە حوکمڕانی و دادپەروەری لەناوبردووە...

لێپرسینەوە لە بەغداوە کە بەرپرسیارێتی خۆی لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا لە کوردستان پشتگوێ خستووە...

پێویستە جیهان بزانێت کە کوردستان هەرێمێکی ئازاد و دیموکراسی نییە- شوێنێکە کە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان وەک موڵک مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەن، و کوشتن ئامرازێکی حوکمڕانییە.


پرسیارەکە ئەوەیە: دەبێت چەند کەسی تر بمرن پێش ئەوەی بەرپەرچی بدەینەوە؟

***********

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# لەبارەی هونەرمەندی شۆڕشگێڕەوە

**نووسینی: نەجم محەممەد**

هونەرمەندی شۆڕشگێڕ ئەو هونەرمەندەیە کە بە هونەرەکەی خۆی، وەک مۆسیقا، وێنەکێشان، شانۆ، سینەما، نووسین، یان هونەرە بینراوەکان، دەرفەتی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین دەکات و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری دەکات. ئەم هونەرمەندانە زۆرجار بەرگری لە کۆمەڵگە کەم دەسەڵات و دەستەواژە دەکەن و هەوڵ دەدەن بەرەنگاری ستەم و نایەکسانی ببنەوە. هونەرەکەیان وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ هاندانی گۆران و بەرزکردنەوەی دەنگ و بیرۆکەکانی ئەو کەسانەی کە دەنگیان نایەت.

**هونەرمەندی شۆڕشگێڕ یان هونەرمەندی ڕەهەندی:**

بریتییە لەو هونەرە کە تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز لە هونەر پێشکەش دەکات و پێشەنگییە لە گۆڕانکارییە هونەرییەکاندا. ئەم جۆرە هونەرە زۆرجار پێشەنگییە لە تاقیکردنەوە و شکستنەوەی سنورەکانی هونەری کلاسیک و نەریتی. هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ زۆرجار بەرەنگاری بیرۆکە و شێوازەکانی نەریتی دەبنەوە و هەوڵدەدەن شێوازە نوێیەکان و تەکنیکەکان بەکاربهێنن بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستەکانیان.

**شۆڕشگێڕبوون چی یە؟**

شۆڕشگێڕبوون بریتییە لە کردار و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بنیاتەری و سەرەکییەکانی کۆمەڵگە، سیاسەت، ئابووری، یان کولتوور بە شێوەیەکی بەرچاو و خێرا. ئەم گۆڕانکارییانە زۆرجار لەلایەن کۆمەڵگە و گرووپەکانەوە دەکرێت کە ناڕازامی و نایەکسانی لە سیستەمی ئەو کاتەدا دەبینن و دەیانەوێت دەستخستنێکی گەورە بکەن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکەیان. شۆڕشگێڕبوون دەتوانێت شێوە جیاجیاکان هەبێت لەوانەسیاسی ئابووری، کۆمەڵایەتی کولتووری. فەرهەنگی وفەلسەفی.

شۆڕشگێڕبوون زۆرجار پەیوەستە بە ناڕەزایی و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و نایەکسانی، و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ و دادپەروەرانە. ئەم کردارە دەتوانێت بە ڕێگەی ئاشتیخوازانە یان توندوتیژی بێت، بە پێی بارودۆخ و هەوڵەکانی ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە شۆڕشەکە.

**هونەری شۆڕشگێڕی چی یە؟**

هونەری شۆڕشگێری جۆرێکە لە هونەر کە هەوڵدەدات بەرەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتە سیاسییەکان بڕوات و بەشداری لە شۆڕشێکی کولتووری یان سیاسی بکات. ئەم جۆرە هونەرە زۆرجار پەیوەستە بە جوولەکانی چەپ و ڕەوشتە شۆڕشگێڕییەکان، وەک سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم، و هەوڵدەدات رەخنە لە دەسەڵات و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا بگرێت و بەرەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بڕوات.

**تایبەتمەندییەکانی هونەری شۆڕشگێڕی:**

1 .پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە: هونەری شۆڕشگێڕی زۆرجار پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگە و هەوڵدەدات دەنگ بداتە کەسانی لاواز و دەستەبەرکراوەکان.

2 .ڕەخنەگرتن: ئەم جۆرە هونەرە زۆرجار ڕەخنە لە سیستەمی سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا دەگرێت و هەوڵدەدات ناڕەزایی خەڵک دەرببڕێت.

3 .ئامانجی گۆڕانکاری: هونەری شۆڕشگێڕی تەنها بۆ خۆشی و خۆشەویستی نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتییە.

4 .دابەشکردنی نامەکان: ئەم جۆرە هونەرە زۆرجار هەوڵدەدات نامەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بڵاوبکاتەوە و خەڵک بەرەو گۆڕانکاری هانبدات.

هونەری شۆڕشگێڕی تەنها لە وێنەکێشان و پەیکەرسازی دەرنایەت، بەڵکو دەتوانێت لە شێوەی مۆسیقا، شانۆ، فیلم، و نووسینیشدا دەرببڕدرێت. ئەم جۆرە هونەرە هەمیشە پەیوەستە بە کات و شوێنی خۆی و هەوڵدەدات وەڵامی کێشەکانی کۆمەڵگە بداتەوە.

**ڕەهەندەکانی هونەرمەندی شۆڕشگێڕ بریتین لە:**

1 .نوێکاری و تاقیکردنەوە: هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ زۆرجار تاقیکردنەوە لەگەڵ ماددەکان، تەکنیکەکان، و شێوازەکان دەکەن بۆ دەرهێنانی کاری هونەرییەکی جیاواز و سەرنجراکێش.

2 .شکستنەوەی سنورەکان: ئەوانە زۆرجار سنورەکانی هونەری کلاسیک دەشکێنن و شێوازە نوێیەکان دەهێننە ناو هونەرەوە.

3.بەرەنگاری کۆمەڵگە و سیاسەت: زۆرێک لە هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ بەرەنگاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان دەبن و هونەریان وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن.

4 . تێکەڵکردنی هونەر و تەکنەلۆژیا: هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ زۆرجار تەکنەلۆژیای نوێ بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی کاری هونەری، وەک هونەری دیجیتاڵ، ڤیدیۆ ئارت، و هونەری میدیایی.

5 .گەران بەدوای مانا و ناوەرۆکدا: هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ زۆرجار بەدوای مانا و ناوەڕۆکی قوڵتردا دەگەڕێن و هەوڵدەدەن پرسیارە گرنگەکان لەبارەی ژیان، مرۆڤایەتی، و جیهانەوە بپرسن.

6.هەڵوێستی ڕادیکاڵ: زۆرێک لە هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ هەڵوێستێکی ڕادیکاڵیان هەیە بەرامبەر بە هونەر و کۆمەڵگە، و هەوڵدەدەن سنورەکانی هونەر و کۆمەڵگە بشکێنن....

# گەرچی من بە تەنهام..

# بەڵام مێژوی پڕگڕکانم



**ئەوەتەی هەم من هەرخۆمم**
**نەمتوانی بارێک زیاتر**
**لەسەرشانم بەڕێ بکەم**
**نەهەنگاوێ .. سەرسمێکم پێ نەداتو**
**لەبەردەم کارەساتێکدا،**
**شکست نەخۆم**
**من هەرخۆمم**
**نەورۆزنامەی ساڵانێکی دورو درێژم**
**لەسەرشانم هەڵگرتوە .**
**سەدکارەسات سەدان نوچی**
**بەردەم ترۆپکی تێکەوتوە ،**
**من سنگم پڕە لە تەڕە پرسیار**
**چاوم نوقمی کارەساتە**
**دەنگم سەڵای نێو ئاپورای خوێن ڕشتنی**
**نێو جەنگەکانی قاجارە**
**من لە بونمەوە هەرخۆمم**
**بەهـێـمـنـی ئەڕژێمە نـێـو دەریاچەی مێژوەوە**
**من هەرگیز ناتوانم کەسی تربم**
**لەبەر ئەوەی جەستەم پڕ لەزامی کۆنە**
**بابایەکم لەبەر ئاوێنەی مێژومدا**
**نازانم مردوم یان ماوم**
**لەبێدەنگیم نەک ساڵەکانی تەمەنم**
**پرچی سپیم**
**لەگەڵ نوشوستیو کارەساتدا سپی ئەکەم**
**گەرچی من بەتەنهام**
**بەڵام مێژوی پڕ گڕکانم**


**نووسینی: سەلام سەعید**

# بۆ کۆمۆنیستەکان یەکسانی بنچینەییترە لە ئێکوتی و دادپەروەری
## (Equality, Equity and Egalitarian)



نووسینی: عامر سابیر

لە ٨ ی مارسی ٢٠٢٤ دا ڕەخنەیان لە کۆمۆنیستەکان گرت و وتیان ئێوە هەڵەن کە داوای یەکسانی ئەکەن، پێویستە داوای ئێکوتی (بۆ هەر کەس بە پێی پێویست) بکەن. ئەمانە بۆ دژایەتی یەکسانی و سەلماندنی قسەکەیان، ئەم وێنەیەی کە لەگەڵ ئەم وتارەدا بڵاوکراوەتە، هێنابویانەوە و ستایشی ئێکوتی و دژایەتی یەکسانیان پێدەکرد.




لەم وێنەیەدا مەبەست لە یەکسانی وبنچینەی مەبەستێک کە ئەم سێ کەسە بۆی هاتوون، بینینی یارییەکەیە لە لایەن هەرسێکیانەوە بە یەکسانی بەبێ ئەوەی کە جیاوازی لە باڵا و تەمەنیاندا ببێتە لەمپەر لەبەرانبەر ئەم مەبەستە بنچینەییەدا. پێویستی سەپاندنی ئەم یەکسانییە ئەوەیە کە هەرسێکیان لەناو یاریگاکەدابن و بە ئاسانی و یەکسانی بتوانن یارییەکە ببینن. کرێکارێک کە هوشیاری چینایەتی بەرزبێت پێداگری لە یەکسانی ئەکات و ناکەوێتە داوی زاراوەی بیرمەندانی سەرمایەدارییەوە.

من لە خوارەوە دێمەوە سەر باسی ئێکوتی.

لە هەشتی مارسی ئەمساڵیشدا (٢٠٢٥) خانمێکی گەنج بەناوی (نما ناوپردانی) وتارێکی کورتی نووسیوە بە ناونیشانی (ژنان دەبێت داوای دادپەروەری بکەن نەک یەکسانی)(١) کە لە سایتی (ڕۆژ نیوز) و فەیسبووکی خۆیدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم خانمە کە لەژێر کاریگەری کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردستانی ئەودیوودایە، بۆ ڕەواییدان بە بۆچوونە نادرووستەکەی، وتارەکەی بۆ ٨ ی مارس و ڕۆژی جیهانی ژنان نووسیوە و باسی ڕۆڵی کەسێکی شۆڕشگێر و هەڵسوڕاوێکی سۆشیالیستی وەک کلارا زیتکین (١٨٥٧-١٩٣٣) ئەکات لە بەڕەسمی ناسینی ئەو ڕۆژەدا. نما ئەنجامگیرییەکی پووچی هەڵهێنجاوە و ڕوو بە ژنان ئەڵێ "کاتێ دەتەوێ داکۆکی بکەیت لە یەکسانی و داواکاریت ئەم چەمکەیە، کەواتا تۆی ژن دەیسەلمێنێت هەتا ئێستا هاوتای پیاو نیت"!

نما پێناسەیەکەی نادروست بۆ دادپەروەری دائەتاشێت و ئەڵێ "چەمکی دادپەروەری بەندە بە کۆمەڵێ بنەما و ڕوانینی جیاواز، ڕەوشتبەرزی، ژیریێتی، یاسا و ئاین".

نما ئەبێت ئەوەی لا ڕۆشن بێت کە ڕەشت و ژێریێتی سیفاتی زاتی (سەبجێکتیڤی) تاکەکانن و ڕێژەیی ئەپێورێ. ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا بە ڕەوشت بەرزی و پەیڕەوکردنی ئاین پێناسە کراوە، ئەکرێ لە کۆمەڵگەیەکی تردا بە تاوان و بێ ڕەشتی بناسرێ. بۆ نموونە لە عێراقدا کۆنەپەرستان خەریکن لە ڕێگەی پەرلەمانەوە زەواجی منالانی ٩ ساڵان ئەسەپێنن(٢). لە کۆمەڵگەیەکی ئینسانیدا ئەنجامدانی ئەمە تاوانێکی گەورەیە و دادگاییکردن و زیندانی بەدوادا دێت.

سەبارەت بە یاسا و ئاینیش، هەر ئێستا لەمڕۆی دنیای سەرمایەداریدا بێمافییەکانی ژنان بە یاسا و ئاینەکان ڕەوایەتی پێبەخشراوە و سەپێندراوە بە سەر ژناندا. ژنان بە پێی یاساکان کرێی یەکسانیان پێنادرێت بۆ کاری یەکسان. بە پێی ئاین و ئەو یاسایانەی کە لە ئاینەوە سەرچاوەیان گرتووە ژنان بە نیوە مرۆڤ و چارەکە مرۆڤ سەیر ئەکرێن و بە دوانیان شاهیدێکن و نیوەی برا میراتیان پێدەدرێت و چواریان بۆ پیاوێک حەڵاڵ کراوە.

نما بەردەوام ئەبێت لە چەواشەکارییەکانی و ئەڵێ "ژنی ئازا و ئازاد پێویستی بەوە نییە جیهانی سەرمایەداری ڕۆژێکی بۆ داتاشێت و چیرۆکێکیش بۆ یادەکە بکاتە پاڵپشت"!

ئەوە جیهانی سەرمایەداری نییە کە ڕۆژێکی دانابێ بۆ ژنان، بەڵکو ئەوە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیست و مارکسییەکان بوون کە ئەم ڕۆژەیان (٨ی مارس)یان لە ساڵی ١٩١٠ ەوە وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دیاریکرد و سەپاندیان بە سەر سەرمایەداریدا، تا لە ساڵی١٩٧٥ دا نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە ڕەسمی ناسی و لە ئێستادا لە ٢٧ وڵاتی جیهاندا ٨ی مارس پشووی فەرمییە. هەروەها پێشینەی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە داتاشینی چیرۆک نییە، بەڵکو ڕوداوێکی واقعییە کە کرێکارانی ژن لە نیویۆک لە ساڵی ١٩٠٨دا بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانیان دەنگی ناڕەزایەتییان بەرزکردەوە و مانیان گرت و خۆپیشاندانیان بەرپاکرد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. نما درێژە بە بۆچوونە نادرووستەکانی ئەدا و ئەڵێ "ژنی هوشیار هەرگیز خۆی وەک ژن نابینێت، بەڵکو وەک مرۆڤ خۆی ئەبینێ" ئەوە سیستەمی چینایەتی سەرمایەدارییە کە ژنان وەک مرۆڤ و یەکسان بە پیاو ناناسێ، نەک ژنان خۆیان، نما لەمەشدا ژنان تاوانبار ئەکات، نەک ئەم سیستەمی سەرمایەدارییە کە قازانجی چینایەتی هەیە لە هەڵاواردن لە دژی ژنان. ئەوە ژنان نین کە خۆیان بە مرۆڤ حیساب ناکەن، بەڵکو سیستەمی سەرمایەدارییە کە هاوتای پیاو نایانبینێ و کرێی یەکسانیان پێ ڕەوا نابینێ. ئەوە ئاینە کە پایەیەکی سەرەکی سیستەمی سەرمایەدارییە کە حیسابی مرۆڤ بۆ ژنان ناکات و بە نیوە شاهید و چواریان بۆ پیاوێک بە ڕەسمی ئەناسێ.

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئێکوتی، لە سیستەمی سەرمایەداریدا کە نایەکسانی و قڵشتی چینایەتی سیمایەتی، ئێکوتی (بۆ هەر کەس بە پێی پێویست) ئەتواندرێ بەکاربهێندرێ و سودی لێوەربگیرێ تا قڵشتی چینایەتی کەم بکرێتەوە. بۆیە زۆرجار لەم سیستەمەدا ئەوە سەرمایەدارانن کە لەجیاتی ئێکوتی داوای یەکسانی ئەکەن.

بۆ نموونە لە ئوستراليا قوتابخانەی گشتی و تایبەتی هەیە. لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا هەر منالێک ساڵانە لە نێوان دوو هەزار دۆلار بۆ چل هەزار دۆلار ئەدات بە قوتابخانەکە. هەندێ لە قوتابخانە تایبەتەکان کە هەرە دەوڵەمەندەکان منالانیان دەنێرن بۆی، خاوەنی ئیمکاناتێکی زۆرن، ڕووبەری قوتابخانەکانیان زۆر فراوانە، گۆڕەپانی یاری و حەوزی مەلەی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەتوانن باشترین مامۆستاکان بەکرێ بگرن بە مووچەی باشەوە، پۆلەکانیان ژمارەی قوتابیان تیایدا کەمە و بەهرەمەندە لە هەموو تەکنەلۆجیایەک. کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ دا وەزیری پەروەردەی حکومەتی فیدراڵی کە (جولیا گیلارد) بوو لە حیزبی کرێکاران وە سیاسەتیان بۆ پەروەردە لەسەر پێدانی پارە بۆ قوتابخانەکان (گشتی و تایبەتی) ئەوە بوو کە بەپێی پێویست پارەیان پێبدرێت. واتە پێدانی پارە بە قوتابخانەیەکی تایبەت کە منالی دەوڵەمەندان بۆی دەچن و داهاتێکی خەیاڵیان دێتە دەستەوە، پێویستە جیاوازبێت لە قوتابخانەیەکی گشتی کە قوتابی زۆری تیادایە و زیاتر پێویستیان بە پارەیە تا دەوڵەت بیانداتێ. بەڵام سەرمایەداران و میدیاکانیان کەوتنە کەمپینێکی ژەهراوی لە دژی ئەم سیاسەتەی حیزبی کرێکاران و وتیان ئەمە هەڵاواردنە و پێویستە حکومەت پارەی یەکسان بدات بە هەموو قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان وەک یەک. وتیان قوتابخانە تایبەتەکان کە خێزانی منالەکان پارە ئەدەن، پێویستە ستایشبکرێن نەک سزابدرێن و دەوڵەت پارەکانی کەمکاتەوە بۆیان. وە ئەمەیان بە هەڵاواردن وەسف کرد و حیزبی کرێکارانیان ناچار کرد کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ دا واز لەم سیاسەتی ئیکویتییە بهێنێ و پەیڕەوی یەکسانی بکات.

ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا یەکسانی بەرقەراربی و جیاوازی نەخرێتە نیو منالانەوە و بەپێی پارەی جزدانی باوانیان دابەش نەکرێن بەسەر قوتابخانەی تایبەت و گشتیدا، ئەوا یەکسانی نەک ئێکوتی کارساز و ئینسانییە. ئەگەر هەموو قوتابخانەکان گشتیبن و هەڵاواردن نەسەپێندرێ ئەوا یەکسانی وەڵامە نەک ئێکوتی.

لە باسی یەکسانیدا، بۆ کۆمۆنیستەکان یەکسانی ئابووری بنچینەییە. هەر وەک مەنسور حیکمەت (١٩٥١-٢٠٠٢) لەسەر یەکسانی وتی "یەکسانی تەنیا بە مانای یەکسانی حقووقیی و قانوونی یان یەکسانی هاووڵاتی کۆمەڵگەیەک لە هەر میللەت و نەژاد و ڕەچەڵەکێک نییە. بەڵکو بە مانای یەکسانیبوون لە ئیمکاناتی ماددیدایە. لەدەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی هەڵدانی توانا و لێهاتوویی فەردی و کۆمەڵایەتی...هتد".

**تێبینی:**

**١/ لینکی وتارەکەی نما ناوپردانی لە سایتی ڕۆژ نیوز**

**https://rojnews.news/?p=561152**

**٢/ لە ٢١ی جەنیوەری ٢٠٢٥ دا پەرلەمانی عێراق، یاسای گۆڕی و ڕێگەی دا بە زەواجی کچانی ٩ ساڵ و تەمەنی زەواجی کوڕانیشی کەمکردەوە بۆ ١٥ ساڵ کە پێشتر ١٨ ساڵ بوو.**

٢٥/٠٣/٢٠٢٥

# حەسەن جودی: پرسی کورد و سۆشیالیزم یەکێکە لەو تەوەرانەی پێویستی بە سەرلەنوێ شیکار و هەڵسەنگاندنەوە هەیە...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز حەسەن جودی نووسەرو ڕۆژنامەوان... سەبارەت بە پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان و پرۆسەی ئاشتی و ڕێکەوتنی جۆلانی و مەزڵوم عەبدی...

### بەشی یەکەم

**بۆپێشەوە: بەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، پرسی کورد چ لە ئاستی ناوچەکە و چ لە ئاستی دنیاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەفراوانی هاتۆتەوە ئارا... هۆکاری هاتنەوە ئارای پرسی کورد بەو فراوانییە چییە؟**

**حەسەن جودی:** لە بنچینەدا پرسی کورد، لە قۆناخی سایکس-بیکۆڤ-سازانۆڤەوە تا دەگات بە قۆناخەکانی سیڤەر و کۆنگرەی قاهیرە و لۆزان و ڕێککەوتن و پەیماننامەکانی دواتردا، پرسێکی نێودەوڵەتی و خۆرهەڵاتی ناوینی بووە، زیاتر لە سەدەیەکە هەوڵدرا ئەو دوو ڕەهەندەی پرسی کورد خەفە بکرێت و بشاردرێتەوە، زیاتر وەک پرسێکی لۆکاڵی و خۆجیی نیشاندراوە. تەنانەت هەوڵدرا ڕەهەندە درێژخایەنە سیاسی، ئابووریی، کولتووری و یاساییەکەی نادیدە بگیردرێت و وەک پرسێکی کاتیانەی ئاسایش (ئەمنییەت - تیرۆر) و سەربازی ببینرێت. بەڵام بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی گەلی کورد، هەروەها تێکەوتنە قەیرانی جیهانیانەی سیستەمی سەرمایەی جیهانی و سیستەمە دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکە (داگیرکارانی کوردستان) ئەو شاردنەوە و پەردەپۆشکردنەی سەدساڵەی ڕابردووی پرسی کورد ئیدی بێواتا و بێکەڵک بوو، لەگەڵ هەر تێکەوتنە قەیرانی سیستەمی سەرمایەی جیهانی و کەوتن یان ئاڵوگۆڕی هەر رژێمێکی ناوچەکە پرسی کورد وەک پرسێکی بنچینەیی نێودەوڵەتی و خۆرهەڵاتی ناوینی دەرکەوتۆتە روو و بەڕۆژەڤ بووە و نەتوانراوە خەڤە بکرێتەوە، نزیکەی ٣٥ ساڵە دوای رووخانی جەمسەری سۆسیالیزمی بونیادنراو(ئەزموونی سۆڤییەت و هاوشێوەکانی) و کاڵبوونەوەی جەنگی ساردی جیهانی، پرسی کورد شەپۆل دوای شەپۆل لەژێر چیمەنتۆی خەفەکردن و نکوڵیکارانەی جیهانی و نێودەوڵەتیدا، سەرلەنوێ سەریهەڵداوەتەوە و خۆی بەرۆژەڤ کردووە. پێشتر رووخانی رژێمە بەعسییەکان لە ئێراق و ئێستاش لە سوریا، نموونەی ئەو خۆبەرۆژەڤ کردن و ئاشکرابوونەی پرسی کوردە. رووخانی رژێمی ئۆتۆکرات و فاشیستی بەعسی سوریا، هەڵوەشاندنەوەی ئەڵقەیەکی دەوڵەت -نەتەوەکانی ناوچەکە و تێکشکان و زەبرێکی کوشندە بوو بەر ناسیۆنالیزمی دەوڵەت-دەوڵەتگەرا کەوت. دەرهاویشتەی ئەو گێژاو و قەیرانەی سیستەمی سەرمایەی جیهان و دەوڵەت-نەتەوەکان تێیکەوتوون، سرووشتی ئەو سیستەمەش وەهایە قەیران بە قەیرانێکی گەورەتر چارەسەر دەکات. ئەمەش بۆ کورد و گەلانی دیکە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ڕەخساندوون، کە دەکرێ بژاردەی دیموکراتی (دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ) ببێتە بژاردەی هەرە بەهێز و گونجاو، سەرەڕای ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی ئەو بژاردەیە دەبێتەوە.

> **ئەو دیموکراتییەی سیستەمی سەرمایەی جیهانی وەك بۆیاخێك خۆی پێڕەنگرێژ کردبوو، ئیدی ئێستا ئەو بۆیاخە هەڵوەریوە و راستینەی دیموکراتی لە سۆسیالیزمدا خۆی بەرجەستە دەکات (ئەو دیموکراتیەتەی لەخوارەوە بۆ سەرەوەیەو کۆمەڵگە تەوەرە سەرەکیەکەیتی ...**

بەڵام دەبێت ئەو راستییەش ڕەچاو بکەین کە لەسەد ساڵی رابردوودا، پرسی کورد لەلایەن خودی زلهێزانی سیستەمی سەرمایەی جیهانی، سۆڤییەت و هاوپەیمانەکانی وەک "کارت - مقاش"ێکی دەستیان دژ بەیەکتر بەکاریان هێناوە، هەروەها هەر چوار دەوڵەت-نەتەوەکانی سەر کوردستان (تورکیا، ئێران، ئێراق، سوریا)یش پرسی کوردیان وەک کارتێکی سیاسی، سەربازی و ئاسایشی دژ بەیەکتر بەکارهێناوە و لەڕێی ئەو بەکارتکردنەی پرسی کوردەوە لەهەوڵی سازش بەیەکترکردن، لاوازکردن و تا ئاستی رووخاندنی یەکتریش رۆیشتووە، ئەوەی جێی تێڕامانە لە سەدساڵی ڕابردوودا تاکە خاڵی بنچینەیی کۆکبوون-ناکۆکبوونی هەرچوار دەوڵەت-نەتەوەکان لەگەڵ یەکتر پرسی کورد بووە.

بزووتنەوە کلاسیکییە چەکدارییەکانی کورد، لەهەموو قۆناخەکانی خۆیدا، (لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، لە قۆناخی جەنگی سارد و دوو جەمسەریەوە تا ڕووخانی جەمسەری سۆسیالیزمی بونیادنراوەوە، هەژموونی تاک جەمسەریی سیستەمی سەرمایەی جیهانی) ڕۆڵی ئەو کارت و مقاشەیان بینیوە کە باسمان لێیانەوە کرد. ئەو بزووتنەوانە چەندین گانگرێنی کوشندەیان لەناو بزووتنەوەی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی کورددا تەشەنەپێداوە، هەموویان ڕێککەوتنی لۆزان – پارچەکردنی پرسی کورد (وەک پرسی خاک و نەتەوەیەک) پەسندکردووە و بزووتنەوەی پارچەگەرا، ناوچەگەرا، تەنانەت هۆزگەرا و خێڵگەرابوونە، ڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێک لە زلهێزە جیهانییەکان، یان یەکێک لەو دەوڵەت - نەتەوانەی سەر کوردستان دژ بەئەوانیدیکە دروستکراون یان دنە دراون، پڕچەک و هاوکاریی کراون. دواجار بوونەتە ئەو کارت و مقاشەی هەمیشە بەکارهێنراون، ببوونە پایەیەکی ئەو تەڵەزگەیەی بە "تەڵەزگەی کورد" ناوزەدی دەکەین. کارەکتەرەکانی ئەو تەڵەزگەیە؛ زلهێزانی سیستەمی سەرمایەی جیهانی- دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکە- بزووتنەوەی کلاسیکی چەکداریی کورد بوو کە خاڵی هاوبەشیان ناسیۆنالیزم-لیبرالیزم بوو. ستراتیژ و ئامانجەکانی ئەو تەڵەزگەیە سەپاندنی شەش پرۆسەی هەمەلایەنە بوو "نکوڵیکردن، قڕکردن، کۆمەڵکوژی، توانەوە (ئاسمیلاسیۆن)، پارچەکردن، کۆچپێکردن" بووە.

ئەوەی ئێستا لە سەدساڵی ڕابردوودا گۆڕدراوە؛

یەک؛ پرسی کورد کە وەک "تەڵەزگەی کورد"ی لێکرابوو، کورد و گەلانی دیکەی گیرۆدە و دەستەمۆ کردبوو، سەد ساڵ لەناو شەڕ و پێکدادانداندا بوون لەگەڵ یەکتردا، ئیدی ئێستا ئەو تەڵەزگەیە بەڕووی زلهێزانی سیستەمی سەرمایەی جیهانی و دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکە و بزووتنەوەی کلاسیکی کوردیدا تەقیوەتەوە و سەری دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکە دەخوات، ئیفلاسی بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی کردۆتە مسۆگەر و لێبڕاوانە. لەهەمانکاتدا سیسەمی سەرمایەی جیهانی ناچاری ڕەچاوکردنی داننان بە راستینەی پرسی کورد کردووە و چەندە بخوازن وەک کارت و مقاشی بەکاربێنن ناتوانن، چونکە کورد ئیدی لە کارتەوە بۆتە کارەکتەر، دەرکی بەو تەڵەزگەیە کردووە کە خۆی و گەلانی دیکەی تێوەگلێنرابوو و بۆتە هێزی هەڵوەشاندنەوەی ئەو تەڵەزگەیە و بونیادنانی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان خۆی و گەلانی دیکەدا.

دوو؛ کورد لەدەرەوەی تەڵەزگەکەی بۆ چنرابوو، ئێستا ئەو یارییە تەڵەزگەییە سەدساڵییەی ڕابردووی تێکداوە، خاوەنی پرۆژەیەکی ستراتیژی خۆیەتی و لەهەوڵی ئەوەدایە گەلانی دیکەش هاوبەشی ئەو پڕۆژەیە بکات، کە نەتەوەی دیموکراتی ڕۆحی ئەو پرۆژەیە و کۆنفیدرالی دیموکراتیش دۆخە بەرجەستەکەیەتی.

سێ؛ جێی تێڕامانە؛ لەسەد ساڵی رابردوودا پرسی کورد وەک سۆسیالیزم بەهۆی ئەو تەڵەزگەیەوە بەلاڕێدا بردرابوو، ئێستا لەسەر ڕاستەڕێی خۆی دەڕوات. سۆسیالیزمیش بە تەڵەزگەی دەسەڵاتگەرایی -دەوڵەتگەرایی بەلاڕێدا بردرابوو و تەنیا لە ڕەهەندە سیاسی و سەربازییەکەیدا قەتیس کرابوو، خەریکە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی و بە پارادایمێکی نوێوە جەوهەری خۆی، فۆرمی نوێی تێکۆشانی خۆی وەردەگرێت کە کرۆکەکەی ئەمەیە؛ "دیموکراتی سۆسیالیزم ناهێنێت، بەڵکو سۆسیالیزم دیموکراتی دەهێنێت." ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو دیموکراتییەی سیستەمی سەرمایەی جیهانی وەک بۆیاخێک خۆی پێڕەنگرێژ کردبوو، ئیدی ئێستا ئەو بۆیاخە هەڵوەریوە و راستینەی دیموکراتی لە سۆسیالیزمدا خۆی بەرجەستە دەکات(ئەو دیموکراتیەتەی لەخوارەوە بۆ سەرەوەیەو کۆمەڵگا تەوەرە سەرەکیەکەیەتی) کە ئەمڕۆ مۆدێرنیتەی دیموکراتی بە جەوهەرە سۆسیالیستییەکەی خۆیەوە وەک ئەلتەرناتیڤێکی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەرکەوتۆتەڕوو. بۆیە پرسی کورد و سۆسیالیزم یەکێکە لەو تەوەرانەی پێویستی بە سەرلەنوێ شیکار و هەڵسەنگاندنەوە هەیە.

> **دەوڵەتی تورکیا لەناوەوە شکستیخواردووە لەبەرامبەر بەکورد و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی، لەدەرەوەشدا ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی مەزنی هەڵوەشانەوە و سەرلەنوێ دیزاینکردنەوە بووە. بۆیە ناچاربووە دان بە بوونی کورد بنێت و لەگەڵ نوێنەرانی کورد بکەوێتە دیالۆگەوە. ئەوەی گۆڕاوە دۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، نەك گۆڕانی زیهنییەت و سیاسەتی فاشیستانەی خۆی...**

**بۆپێشەوە: دوای چەندین دەهە لە حاشاکردن لە بوونی کورد و کیشەی کورد لە تورکیادا، چ دەوڵەت باخچەلی و چ ئەردۆغان، لە ئیستادا دان بە بوونی کورد دەنێن، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ دان نان بە بوونی کورد لە تورکیادا تا چەندە بە مانای داننانە بە پرسی چەوساندنەوەی نەتەوەی خەڵکی کوردستان؟**

**حەسەن جودی:** بێگومان دەزانرێت کە دەوڵەتی تورکیا لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لە کورد و گەلانی دیکەی تورکیا بونیادنراوە. دوای سەدساڵ لەو نکۆڵیکردنە ئێستا گەیشتۆتە دۆخێک ناچارە دان بە بوون و ناسنامەی گەلی کورددا بنێت، ئەوەی وای لەو دەوڵەتە کردووە دان بە بوونی کورددا بنێت، لەناوەوە شکستێکی گەورەی لەبەرامبەر بە گەلی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی خواردووە،

بەهەموو تەکنۆلۆژیای سەربازی، بە جەنگی نەرم و گەرم، بەهاوکاریی هێزەکانی ناتۆ و هێزە بەکرێگیراوەکانی کورد، هەموو ئابووریی خۆی لەم پێناوەدا خەرجکرد، بەڵام شکستی هێنا لەوەی ئیرادەی ئازادیی کورد تێکبشکێنێت. لەدەرەوەشدا لەلایەن زلهێزەکانی سەرمایەی جیهانی (ئەمریکا، بریتانیا و ئیسرائیل)ەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی بونیادی و وجودی بۆتەوە و وەک دەوڵەت لەنێو ترسێکی گەورەدایە. واتا لەناوەوە شکستیخواردووە لەبەرامبەر بەکورد و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی، لەدەرەوەشدا ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی مەزنی هەڵوەشانەوە و سەرلەنوێ دیزاینکردنەوە بووە. بۆیە ناچاربووە دان بە بوونی کورد بنێت و لەگەڵ نوێنەرانی کورد بکەوێتە دیالۆگەوە. ئەوەی گۆڕاوە دۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، نەک گۆڕانی زیهنییەت و سیاسەتی فاشیستانەی خۆی.

**کۆماری تورکیا ناتوانێت وەك سەدەی رابردوو بەبێ نوێبوونەوە و دیموکراتیزەبوون لەسەر پێیان بمێنێتەوە، بۆیە مۆدێرنیزەبوون (نوێبوونەوە)ی سیستەمی کۆمار بە دیموکراتیزەبووندا تێدەپەڕێت، دیموکراتیزەبوونی سیستەمی کۆماریش تەنیا بە چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورددا تێدەپەڕێت ...**

دیارە ئەو داننانە هێشتا فەرمی و تەواو نییە، هێشتا کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامە، جوگرافیا، کولتوور و ئیرادەی سیاسی نابینێت. کورد ناتوانێت ئەوە پەسند بکات کە بوون و ناسنامەکەی تەنیا وەک تاک ببێتە هاوڵاتی، بەڵکو دەبێت ئەو داننانە وەک گەل و نەتەوەیەک پەسندبکرێت. ئەمەش دیارە پێویستی بە تێکۆشانی بەردەوامی سیاسی و دیموکراتی و یاسایی زیاتر هەیە.

کۆماری تورکیا ناتوانێت وەک سەدەی رابردوو بەبێ نوێبوونەوە و دیموکراتیزەبوون لەسەر پێیان بمێنێتەوە، بۆیە مۆدێرنیزەبوون (نوێبوونەوە)ی سیستەمی کۆمار بە دیموکراتیزەبووندا تێدەپەڕێت، دیموکراتیزەبوونی سیستەمی کۆماریش تەنیا بە چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورددا تێدەپەڕێت. بۆئەوەی پرسی کورد بکەوێتە سەر راستەڕێی چارەسەریی دیموکراتیانە و لەچوارچێوەی سیاسی و یاساییدا چارەسەر ببێت، پێویستە دۆخی شەڕ و توندوتیژی بۆ دۆخی سیاسی و یاسایی وەرچەرخێت، ئەمەش بە واتای بەدیهێنانی ئاشتی نێوان کورد و دەوڵەت دێت. ئەو پرۆسەیەی دەستی پێکردووە پرۆسەی ئاشتییە و زەمینە رەخساندنە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، هەرچەندە ئێستا پرۆسەکە راوەستاوە و تورکیا هەنگاوی پێویستی نەناوە، کە دەبووایە پەرلەمان کۆببێتەوە و دوو یاسای دەربخات کە "یاسای ئاشتی"و "یاسای هیوا"ن، بەبێ ئاشتی و رەخساندنی زەمینەی سیاسەتی دیموکراتی و یاسایی پرسی کورد چارەسەر نابێت.

**پرۆژە و ستراتیژی هاوبەشی ئەمریکا، بریتانیا و ئیسرائیل هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ دیزاینکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکە (تورکیا، ئێران، سوریا و ئێراق...) و هێزە نادەوڵەتییە ستاتۆپارێزەکانی ناوچەکەیان بە ئامانج گرتووە کە بریتیین لە حەماس، حزبوڵڵا، حەشدی شەعبی و هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور و هێزی دیکەی هاوشێوە...**

**بۆپێشەوە: بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە لە ٢٧ مانگی رابردوودا، پەیامێکی راگەیاند، کە تییایدا داوای چەکدانانی پەکەکە و خۆهەڵوەشاندنەوەی دەکات... چۆن دەڕواننە ئەم پەیامە و بۆچی ئەم پەیامە لە ئێستادا هات؟**

**حەسەن جودی:** بانگەوازیی "ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی"ی ڕێبەر ئۆجەلان لەلایەکەوە درێژکراوەی هەوڵەکانی رابردوویەتی بۆ بە ئاشتی و سیاسی و یاسایی چارەسەرکردنی پرسی و دیموکراتیزەکردنی سیستەمی کۆماری تورکیا، لەلایەکی دیکەشەوە، تەواو پەیوەستە بەو دۆخەی ئێستا خۆرهەڵاتی ناوین، تورکیا و کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت. ئەو دۆخەی ئێستا جیهان و ناوچەکە تێیدا دەگوزەرێت دۆخی جەنگێکی جیهانییە، سەرجەم پرۆژە و ستراتیژە هەژموونگەرایی و ئیمپراتۆرگەراییە جیهانییەکان و خۆرهەڵاتی ناوینییەکان، ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناویندا چڕ بۆتەوە، کە بریتیین لە سێ پرۆژەی جیهانی و چوار پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی، ئەم ناوچەیە بۆتە چەقی ناکۆکی و ململانێیەکان، شەڕ و پێکدادانەکانی ئەو پرۆژە و ستراتیژییە هەژموونگەرا و پاوانخوازییەکان. ئەو جەنگە دەرهاویشتەی ناکۆکی و ململانێی ناو خودی سیستەمی سەرمایەی جیهانییە. دەکرێ بە مسۆگەری بڵێین؛ سەرجەم ئەو حەوت پرۆژەیە پرۆژەگەلی سیستەمی باڵادەستی سەرمایەی جیهانی – دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچەکەیە و لەتەوەریی هەژموونی دەسەڵاتدارێتییە، جەنگ و ململانێی نێوانیان جەنگی هەژموون و پاوانخوازییە، کە دەخوازن لەڕێی سەرخستنی پرۆژەکانیان لەبواری ئابووریی، بازرگانی و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە و ناوچە جیۆستراتیژییەکانی ناوچەکە، کە وڵاتانی شام و میزۆپۆتامیا(ئێراق، کوردستان و تورکیا و ئێران) لەخۆوە دەگرێت.

پرۆژە و ستراتیژی هاوبەشی ئەمریکا، بریتانیا و ئیسرائیل هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ دیزاینکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکە (تورکیا، ئێران، سوریا و ئێراق...) و هێزە نادەوڵەتییە ستاتۆپارێزەکانی ناوچەکەیان بە ئامانج گرتووە کە بریتیین لە حەماس، حزبوڵڵا، حەشدی شەعبی و هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور و هێزی دیکەی هاوشێوە. پرۆژە و ستراتیژەکەیان لەسەر بنەمای هەژموون و پاوانخوازیی و خۆبەئیمپراتۆرکردنی سیستەمەکەیانە لە ناوچەکەدا.

بەڵام لەبەرامبەر بەو حەوت پرۆژەیەدا، وەکو باسم کرد هەر حەوتیان پرۆژەی یەک سیستەمن کە سیستەمی باڵادەستی جیهانی -ناوچەکەن، کوردیش لەسەر بنەمای هێڵی سێیەم؛ خاوەن پرۆژەیەکی تەواو جیاوازە لەو حەوت پرۆژانەی سیستەمی باڵادەستی جیهانی و ناوچەکە، پرۆژەی کورد و گەلانی ناوچەکە بریتییە لە پرۆژەی بونیادنانی کۆنفیدراڵی دیموکراتی خۆرهەڵاتی ناوینی، دیموکراتیزەکردنی سیستەمە باڵادەستەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگەکان لەڕێی تێپەڕاندنی دەوڵەت-نەتەوەکان، لاوازکردنی سیستەمی سەرمایەی جیهانیدا، ئەم بانگەوازییەی ڕێبەر ئۆجەلان رێک لەچوارچێوەی ئەم پرۆژە و ستراتیژەدا ئەنجام دراوە. واتا لە بنچینەدا گەلان و دەوڵەتانی ناوچەکە لەبەردەم دوو پرۆژەی بنچینەیی دان؛ یان پرۆژە دەسەڵاتخوازییە هەژموونگەرا و پاوانخوازییە دەرەکییەکان یان پرۆژەی دیموکراتی و بەیەکەوەژیانی ئازاد و ئاشتەواییانەی گەلان.

لەدوای حەوتی ئۆکتۆبەرەوە پرۆژەکانی رووسیا، چین، ئێران و تورکیا رووبەڕووی پاشەکشە، شکست و ئاستەنگی مەزن بوونەتەوە، پرۆژەکەی سعودیا، کە پرۆژەیەکی ئیسلامی سوونەی لیبرالیزەکراو، تێکهەڵکێشی پرۆژە هاوبەشەکەی ئەمریکا، ئینگلتەڕا و ئیسرائیل بووە. واتا ئێستا تەنیا دوو پرۆژە لە ناوچەکەدا کاران و دەرفەتی بەرەو پێشەوەچوونیان هەیە؛ پرۆژە هەژموونگەرا هاوبەشەکەی ئەمریکا، ئینگلتەرا، ئیسرائیل و سعودیا و ئیمارات و میسر، لەبەرامبەریشیدا پرۆژە دیموکراتیی کورد و گەلان.

ئێستا کورد لە ناوچەکەدا، لەچوارچێوەی هێڵی سێیەمدا، بۆتە خاوەن پێگەیەکی ستراتیژیی و کارەکتەرێکی سەرەکی ناوچەکەیە، لەوە دەرچووە وەک سەد ساڵی رابردوو وەک کارتێک و مقاشێک بەکاربهێنرێت، بۆیە گووتاری کوردیی ئازاد تەواو گۆڕاوە، لە گووتاری مانەوەوە وەرچەرخاوە بۆ گووتاری ئازادیی و دیموکراتی، کە بنەما و کرۆکێکی سۆسیالیستی هەیە. ئەو بانگەوازییەی ڕێبەر ئۆجەلان، هاوکات لەگەڵ رەهەندە سیاسییەکەی، رەهەندێکی ئایدیۆلۆژی-زیهنی و هەروەها رێکخستنی هەیە.

بۆیە چەندە کۆماری تورکیا پێویستی بە وەرچەرخانی دیموکراتی و دیموکراتیزەبوون هەیە، پەکەکەش پێویستی بەوە هەیە لەچوارچێوەی پارادایمی نوێی خۆیدا، کە پارادایمی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە، خۆی هەڵوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ خۆی بەگوێرەی ئەو پارادایمە نوێیە نوێبکاتەوە، نوێبوونەوەکەش لەسەر بنەمای گۆڕان و وەرچەرخانی دیموکراتییە، چونکە ئێستا "سەردەمی پارت-حزب تەواو بووە، سەردەمی گەلانە" بەو واتایەی گەل توانستی خۆبەڕێوەبردن و بەرگری لەخۆکردنی هەیە، گەلی کورد، بەو رادەیەی پێویستە بە ئازادیی بگات، بەو رادەیەش پێویستی بە بەرگری خۆی هەیە. ئەمەش بەو واتایە دێت کە کورد و گەلانی دیکەش تەنیا بە چەکی سەربازی ناتوانێت بە ئازادی بگات و بەرگریی لەخۆی بکات، بەتایبەتی لەسەردەمی شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژیی و ژیری دەستکرددا، کە تێیدا تەکنۆلۆژیای سەربازی گەیشتۆتە ئەوپەڕیی مەترسیداریی خۆی، پێویست دەکات گەلی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی ئامراز و شێوازی تێکۆشانی خۆیان بەگوێرەی پارادایمی نوێ و ئەو دۆخەی جیهان و ناوچەکە تێیدا دەگوزەرێت خۆی نوێبکاتەوە. خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە واتا سەرلەنوێ خۆبونیادنانەوە، بەلاوەنانی چەک، واتا گرتنەبەریی ئامراز و شێوازەکانی دیکەی تێکۆشانی ئازادی و بەرگری، بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی بەڕێوەبردن و خۆبەڕێوەبردن، بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی. ئێستا دەوڵەتی تورکیا هەموو جۆرە چەکێکی بەدەستەوەیە، تاکە چەکێک کە نییەتی چەکی دیموکراتی و ئاشتییە. ڕێبەر ئۆجەلان دەیەوێت تورکیا پەلکێشی گۆڕەپانی ئاشتیی و دیموکراتیی بکات، بانگەوازییەکەشی لەم پێناوەدایە.

**بۆپێشەوە: پەیامی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان تا چەندە لە ژێر هەژموونی زینداندایە؟ بە واتایەکی تر کەسی زیندانی تا چەندە دەتوانێت ئیرادەی ئازادانەی خۆی بەیان بکات؟**

**حەسەن جودی:** فشار و گوشار و ئەشکەنجەکانی سیستەمی زیندانیی ئیمرالی هیچ کاریگەرییەکی بەسەر ناوەرۆکی بانگەوازییەکەوە نییە، بەبەڵگەی ئەوەی، ناوەرۆکی بانگەوازییەکە رێک هەمان ناوەرۆکی بانگەوازییەکانی پێشووتریەتی کە لەدەرەوەی زینداندا بوو، کە لەساڵانی ١٩٩٣، ١٩٩٨دا کردبووی. ڕێبەر ئۆجەلان بە جەستە لە زیندان دایە، بەڵام بە هزر و رامان و بیرکردنەوەی خۆی ئازادە، زۆرن ئەوانەی لەدەرەوەی زیندانن، بەڵام لە زیندانی هەژموونی دەوڵەتەکاندان. نەناسین و تێنەگەیشتن لە فەلسەفە و پارادایمی نوێی ڕێبەر ئۆجەلان و پەکەکە، وادەکات پێشداوەرییەکی وەها بێنێتە ئاراوە کە "ڕێبەر ئۆجەلان مادام لە زیندان دایە، کەواتە لە بیرکردنەوە و هەڵوێست نواندندا ئازاد نییە" ئەمەش پێشداوەرییەکی تەواو بێ بنەمایە. لە زینداندا زیاتر لە حەوت هەزار لاپەڕەی لەدوو توێی چەند بەرگرینامەیەکدا نووسیوە، سەرجەمی ئەو بەرگرینامانە دەریدەخات کە پارادایمی نوێ چەندە بە هزرێکی ئازاد و قووڵ دارێژراوە، پووختە و ناوەرۆکی ئەو بانگەوازییە بە فراوانی لە بەرگرینامەکانی و نەخشەڕێیەکەیدا خراوەتەڕوو.

**ماویەتی**

## درێژەی....پرسی رۆژ... چۆنیەتی پێکهاتنی شوراکان، رۆڵیان لە کۆمەڵگەو بەڕێوەبردن، بەرگری لە گەڕانەوەی هێزی دڕندەی

ئامادەبوون بۆ بەرگری. بەڵام ئەگەرچی هێزەکەی زۆرکەم و ناشارەزابوون لە شەڕدا، بەڵام بە بیروباوەڕەوە خۆیان بۆ بەرگری ئامادەکردبوو. هەروەها کاتی گەڕانەوەی بەعس بۆ هەولێر لە کاتێکدا هێزەکانی حزبەکانی کوردایەتی شاریان چۆڵکردبوو، ئەوەبوو شوراکان سێ مەفرەزەی شوراکانیان لە سێ قۆڵی جیاوازەوە لە هەولێر پێکهێنا بۆ بەرگری.

بۆیە هەوڵیاندا خەڵک بەرگری بکات یان چەکەکانیان بدەن بەوخەڵکەی ئامادەن بەرگری بکەن. کە چەند مەفرزە لەچەند لای هەولێرەوە دروستدەکەن، مەفرەزەیەک بەرەو حی عەسکەری و کوران بەسەرپەرشتی گیانبەختکردوو (ئەرسەلان مەولود) ناسراو بەئاراس کە لە راپەڕینی دووەمدا گیانی بەختکرد، مەفرەزەیەکی تر بەرەو مەنتکاوە و رێگای کەرکوک و کۆمەڵێکیش بەرەو عەنکاوە و مەعەسکەری هەولێر، چەند کەسێکیش بەرەو گەڕەکی شۆڕش دەچن.

سوپا زۆر بەخێرایی پێشڕەوی دەکات بەرەو هەولێر، چونکە بەرگری زۆر کەمبوو. دوای نیوەڕۆکەی هەولێر گەمارۆدرابوو گەیشتبوونە حی شرتە و تەنیا رێگای مەسیف مابوو. مەفرەزەیەکی شورا یەکێکیان کەسێک بەناوی کامەران فاتح ملازمی یەکەمی سوپای عێراق بوو لەشەڕی کوێت رایکردبوو (خەڵی کۆیە بوو) دەناسێت و داوای لێدەکات بۆ کارکردن لەگەڵ مەفرەزەی شوراکان و یارمەتیدان بەهۆی تەجروبەیەکەوە کە هەیەتی وە رازی دەبێت. مەفرەزەکەی شورا و بەسەرپەرشتی ملازم کامەران خەڵکی دەوروبەر بەرەو حی شورتە و٧ی نیسان (راپەڕینی ئێستا) دەچن لەگەڵ دەبابەکان بۆ ماوەیەک شەڕدەکەن و پێشڕەوی هێزەکانی حزبی بەعس دوادەخەن. ئەو شەڕە رۆڵێکی باشی هەبوو لە وەستانی هێزی رژێم و دەرفەتێکی باشیدا بەخەڵکێکی زۆر بۆ خۆ رزگارکردن بەرەو شەقڵاوە. تادرەنگانی شەو ئەو مەفرەزەیە رێگەیان بۆ خەڵک خۆشدەکرد بۆدەرچوون لەهەولێر. هەولێر سەرلەبەیانی ای نیسان بە تەواوی لەلایەن رژێمەوە کۆنترۆڵکرا. شایانی باسە ئەو مەفرەزەیەی شورا لەهەولێر گیریان خوارد و خۆیان شاردەوەو تا چەند رۆژی دواتر توانیان بچنە دەرەوە. لەئەنجامی ئەو هێرشە وەحشیانەی هێزەکانی رژێمی بەعس بە تۆپ و دەبابەو فڕۆکەوە، خەڵکێکی زۆر کوژران و بریندار‌بوون و گیران. هەروەها هاوڕێیانێکی شوراکان بەناوەکانی؛ (راستگۆ یەحیا نەجم، عەبدولواحید عوسمان خدر، رزگار عەلی حەسەن، فەرهاد عەلی حەسەن، رەشاد عەلی حەسەن، کە سیان لەم هاوڕێیانەی شورکان برابوون)، گیان بەخت دەکەن. هەروەها ئەندامێکی ژنی شورای کارگەی نەسیج بەناوی (روقیا) گیانی بەختکرد لەئەنجامی تۆپبارانەکانیشدا خەڵکێکی زۆر بریندار بوو کە هاوڕێیەکی شوراکان بەناوی ( عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) یەکێک بوو لەوانەو بەسەختی برینداربوو.

لە سلێمانی لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی گرتنەوەی کەرکوک لەلایەن بەعسەوەو بەنیازی بەرەو سلێمانی ناوچەکانی تر بڕوات، بەشی سەربازی شوراکان کۆبوونەوەی خۆی کردو خەڵکێک کە ئامادەبوون لە ریزی شوراکان کۆبنەوەو چەکدار ببن رێکدەخرێن، لەکاتێکدا بەدوای کە سوپای عێراقی پێشڕەوی دەکات بۆ سلێمانی مەفرەزاکانی شوراکان بەرەو چەمچەماڵ دەڕۆن، بەڵام لە ناوچەی تاسڵوجە دەرگیری هێزەکانی سوپای عێراق بە دەبابەو تۆپ و فڕۆکە دەبنەوە، و لەو شەڕەشدا هاوڕێیانێکی شورا بەناوەکانی؛ (نەوزاد کەماڵ قەرەداغی و شوان عومەر قادر) لە رۆژی ١٢/٤دا گیانیان لەدەستدا.

هاوڕێیانی زۆرێک لە شوراکان لە رۆژی ٣/٤ دا، سەردانی بنکەی سەرەکی شوراکان دەکەن لە مەجید بەگ، کەچی بکەن و نەخشەی شوراکان چی دەبێت، تا ئەوکاتەی هێزەکانی حزبی بەعس بە تۆپ و دەبابەو هەلیکۆپتەرەکانیان دێنە ناو شاری سلێمانی و فڕۆکە بەسەر شارو ئەزمڕدا دەسوڕێتەوە، ژمارەیەکی زۆر هاوڕێیانی شوراکان لە هەوارە بەرزە لەماڵی یەکێک لە هەڵسوڕاوانی شوراکان کۆدەبنەوەو بەناچاری لەوێوە بەرەو ئەزمەڕو لەگەڵ خەڵکێکی زۆر بەو کێوەوە بەرەو ئەودیوی ئەزمڕ دەڕۆن. ژمارەیەکی تری هاوڕێیانی شوراکان رێگای عەربەت دەگرن، بەمەش هێزە چەکدارەکانی شوراکان و هاوڕێیانی شوراکان ئاخرین کەسەکان دەبن کە بەناچاری سلێمانی دەگیرێت و دەکەوێتە بەردەم دڕندەیی هێزەکانی حزبی بەعس، شار جێدێڵن.*

********

**ئەم دۆخەی لە تورکیا هەیە، بەرەوە گۆرانکاری لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەنگاو دەنێت و رەوەندی پاشەکشە بە دەسەڵاتی ئاک پارتی و ئەردۆغان، رەوەندێکی بێ گەڕانەوەیە... ئەوەی کە ئەم ئاڵوگۆرە چەندە دەتوانێت لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی تورکیا بێت، بەتەواوەتی گرێی خواردووە بە هاتنە مەیدانی چینی کرێکارو هیزو چەپ و رادیکاڵەکان وەکو بکەرێکی سیاسی و کاریگەرو سەربەخۆ لە دۆخی ئیستای تورکیاو ململانێی باڵەکانی بۆرژوازییدا.**

## درێژەی دوا وتە

بەداخەوە لەسەرەتای رووداوەکانی جەنگی کەنداوەوە، باڵادەستی ئاسۆ و سیاسەتی بۆرژوازی بەگشتی و ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردستان، توانی تورەیی و نەفرەتی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان بە دژی رژیمی بەعس، بکاتە دەستمایە و سەرمایە لە پێناو ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا، بۆ گەیشتن بەدەسەڵات. خەڵکی... کوردستان لەدژی دەسەڵاتی بەعس ڕاپەرین تا دەستیان بە ئازادی و ژیانێکی ئازادانەو پاشان بە سەربەخۆیی بگات، کەچی بەوهۆیە زۆر رۆشن و سادەیەوە، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ناکۆکی قوڵیان لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان لە رێگای ئیرادەنواندنی خۆیانەوە هەیە، توانیان بەدوای دەسەڵاتی بەعسدا، دەسەڵاتی بەعس ئاسای کوردی دژ بە ئازادییەکان دابسەپێنن و پرسی سەربەخۆیی کوردستانیش بکەنە کارتی سات و سەودای بەش وەرگرتن لەدەسەڵاتی دوای بەعسیەکان، کە میراتگری بەعس و هاوکات دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێران بوون. لەوەش واوەتر حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کارەساتی ئاوارەیان وەکو کارەساتێکی سیاسی، بەچاوی روداوێکی ئینسانی روتەوە تەماشاکرد و وەکو هەموو کارەساتە تراژیدیاکانی ترش، تراژیدیای ئاوارەیان کردە سەرمایەو کاتی مامەڵە لە پێناو بەرژەوەندییە حزبیەکانی خۆیان و بەرژەوەندی چینە داراکانی کوردستان.

لەناو جەرگەی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە دیاریکراویش پارتی و یەکێتی، خەونی بەشداریکردن لەگەڵ بەعسیەکانیان، کە خەون و ئومێدێکی بەردەوام و مێژوویان بوو هەڵبژارد و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی بەعس. تا ئەوکاتەی رژیمی بەعس بە یەکجاری گۆڕ بە گۆڕ بوو، ئەو حزبانە نەک هەر ئومێدی خۆیان بە ڕیکەوتن لەگەڵ بەعس و شەریک بوون لەگەڵیدا، لا کاڵ نەبۆوە، بەڵکو بەهەموو شیوەیەک دەکۆشان رژێمی بەعس بیانکاتە بەشدار لە دەسەڵاتدا.

ئێستا دوای ٣٤ ساڵ بەسەر کارەساتی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، هیشتا دوبارەبوونەوەی کارەساتی ئاوارەیی یان تراژیدیای تری لەچەشنی کارەساتی شەنگال، هەڵەبجە، ئەنفال...تاد، هەرەشەن لەخەڵکی کوردستان. هێشتا زەمینە بناغەیەکانی ئەم تراژیدیانە ئامادەییان هەیە. ئاوارەیی یان کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال... تەنها زادەی جەنگ و ملهوری هیزە ئیمپریالیستیەکان، جەنگی وڵاتانی ناوچەکە، نییە... بەڵکو زادەی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و پرسی سیاسی خەلکی کوردستانە. تائەو کاتەی پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان بە ڕێگایەکی کارساز وەڵام وەرنەگرێتەوە، تا ئاسۆیەکی سیاسی سۆشیالیستی و ئینسانی پیشکەوتنخواز، نەبێت بە ئاسۆی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستاندا لە پیناو ئازادی و چارەسەری سیاسی کیشەی خەڵکی کوردستاندا، کۆدەکانی دوبارە بوونەوەی کارەساتەکان، ئامادەییان دەبێت. هێشتا هەر ململانییەکی سیاسی و سەربازی زبر، هەر جەنگ و بەیەکدادانێکی وڵاتانی ناوچەکە، هەر شەپۆلێکی گۆرانکاری، لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا، دەتوانێت خەلکی کوردستان بکاتە قوربانی. دۆخی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتداریێتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد، شلۆق و ناسەقامگیرە. چ دەسەڵاتی سیاسی ناوەند، یان ملهوری نواندنی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، یان ئەلگۆی داعشی، دەتوانێت دۆخی کوردستان بەسەریەکدا برمێنیت و کارەساتیش بەدوای خۆیدا بهێنێت. هاتنی داعش، ڕوداوەکانی ١٧ ئۆکتۆبەر... باشترین بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستیانەن. حزبەکانی بۆرژاوزی کورد لەو کایەو گەمە سیاسییە سەربازی و سیاسییانەی لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا، روودەدەن، نەک ناتوانن رۆڵێک بەئاقاری بەرگرتن بەو رووداوە پیشبینیکراوانەدا بگێرن، بەڵکو خۆیان وەکو مەقاشی لایەنێک، یان چاوساغ و خۆشخزمەتچی دەبنە بەشێک لە کاراکتەری تراژیدیا خولڤاندن. هەر وەکو ئەوەی لە هەڵەبجە و شەنگال و ١٦ ئۆکتۆبەر بینیمان. بەداخەوە هێشتا چینی کرێکار و خەڵکی بێبەشی کوردستان، ئامادەیی رێکخراوەیی و سیاسییان، تا دەگاتە باڵادەستی ئاسۆیەکی سیاسی جیاوازی سەربەخۆیی چینایەتیان، لەو ئاستەدا نییە، ببنە کاراکتەری رەقم دان لە رووداو و پێشهاتەکان و هەڵگێرانەوەیان بە قازانجی خەڵکی کوردستان. کۆتاییهێنان بە تراژیدیاو کارەساتە پیشبینکراوەکان، بە لەبەین بردنی زەمینەو هۆکارەکانی دەبێت. چارەسەری کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان، تەریک خستنتەوەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتیان، بەهێزی ڕیکخراو یەکگرتوانەی چینی کرێکار و بێبەشانی کوردستان لە ژێر ئاسۆیەکی سیاسی سۆشیالیستیدا، دەتوانێ هەرەشە پیشبینکراوەکان و تراژیدیاکانی داهاتوو ڕابگرێت.

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عامر سایێر، حەسەن جودی، سەردار عەبدوڵا حەمە، توانا حەمە نوری، نەجم محەمەد، رێبوار یاسین، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، نوری بەشیر...

دۆسیەی ژمارە "پەیامی ئۆجەلان و ریکەوتنی جۆلانی و مەزڵوم عەبدی"؟

# بەرزو بەرێز بێت یادی خەباتکارانەی گیانبەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی و سۆشیالیزم




کۆتایی مانگی مارس و سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٩١، سوپای دڕندەی بەعس، هێرشی کردەوە سەر کوردستان بەمەبەستی دوبارە گێڕانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانی خۆی، کە بووە هۆی ئاوارەیکی ملیۆنی خەڵکی کوردستان. لە کاتی گەڕانەوەی سوپای بەعسدا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزی چەکدار و سەرانیان، لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی چەکی باش و جبەخانەیەکی فراوان بوون کە پێشتر لە ڕاپەریندا دەستیان بەسەردا گرتبوو، ڕێگەی ڕاکردن و بەزینی پێش وەختەیان گرتە بەر، کە لەگەڵ خۆیدا بەناچار خەڵکی کوردستانیش ئاوارەی سەر سنورەکانی عیراق/ ئیران، عێراق/ تورکیا، عێراق/ سوریا کرد، ئەم ئاوارەییە بووە هەڵگری سەدان و هەزاران چیرۆکی دڵتەزێن. لە جەرگەی ئەو تراژیدیا ئینسانییەدا... ئەوەی لەو نێوەدا هەولێدا خەڵکی کوردستان لە دڕندەیی سوپای بەعس بپارێزێت و بەرگری لەخەڵکی کوردستان بکات، بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون...بەڵی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی سەرباری کەم ئەزموونی و نەبوونی پێداویستی سەربازی پێویست، بڕیاری بەرەنگاری و وەستانەوە بەرووی سوپای دڕندەی بەعسیاندا، بەداخەوە لەو بەرامبەرکێ نابەرابەردا ژمارەیەک لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی گیانیان بەختکرد... ئەوە ئەمانەی سەرەوە پۆلێک لەو هاوڕێ گیان بەختکردوانەن...

**بەرزو بەرێز بێت یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی...**

# دوا وتە

## ئاوارەیی خەڵکی کوردستان، ئاکامی فۆرمی ڕاپەرین بوو!

ئەم ڕۆژانە ٣٤ ساڵ بە سەر کارەساتی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، کارەساتێک کە بۆوە بیرەوەری تاڵ و چیرۆکی دڵهەژێنی هاوبەشی ملیۆنان ئینسان.

کارەساتی ئاوارەیی لە بنەرەتدا بە جیا لە ترس لە ڕژیمی درندەی بەعس، ڕیشەی لە ئومێد بەستنی خەڵکی کوردستان بە ئەمریکاو جەنگ و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە بوو. حزبەکانی بۆرژوازی کورد لە ساڵی ١٩٩١ بە تەواوەتی مایەو ئومێد و دووبارە ژیان گێرانەوە بۆ حزب و بزوتنەوەی کوردایەتیان، بەستەوە بە سیاسەت و نەخشەی جەنگی ئەمریکا و غەرب. کاتێکیش ئەمریکا لە جەنگدا سەرکەوت و دەوڵەتی بەعس و سوپاکەی تێک ڕماند، بە جیا لە کارەساتێکی مرۆیی و داڕوخاندنی تەواوەتی ژێربینای ئابوری و پایەکانی دەوڵەت و خاپورکردنی عیراق، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شاگەشکە بوون و ئەم سەرکەوتنەی ئەمریکایان، بە سەرکەوتنی خۆیان و "میللەتی کورد" لە قەڵەمدا. لەگەڵ ئەوەدا هەموو دنیا لە ئاستی فەرمی و جەماوەرییدا، هێرشی ئەمریکایان بۆسەر عێراق بە داگیرکاری ناساند، حزبەکانی بزوتنەوەی بۆرژوازی عەرەب و کورد، ئەم وەحشیگەرییەیان ناو نا" ڕزگاری عێراق" و... " کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریەت"... کاتێک کە هەمان ئەمریکاو غەرب گڵۆپی سەوزیان بۆ سوپای عێراق داگیرساند، قەڵەمی دەست و پێی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شکا و ڕاکردنیان لە بەرامبەر سوپایەکی تێکشکاو برسیکراو و بێ ورەدا، هەڵبژارد. کە لەگەڵ خۆیدا جەماوەری ملیۆنی کوردستانیشی ناچار بە ئاوارەیی کرد. دیارە ڕاپەرینیش لەهەمان چوارچێوەی ئاسۆی زاڵی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و ئومێد گرێدان بە سیاسەتی ئەمریکاو غەربەوە، روویدا. ئاوارەیی لە بنەرەتدا قوربانی ئەو فۆرمە لەڕاپەرین بوو، کە لەجێگای پشت بەستن بە خەباتی خەڵکی کورستان و هێزی جەماوەری ڕێکخراو و سەربەخۆ، چاویان لەسەرکەوتنی پێشبینیکراوی سەربازی ئەمریکا بوو. خۆ ئەگەر ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان بەرئەنجامی خەباتی لە پێشتری خەڵکی کوردستان و بەرهەمی تێکچوونی هاوسەنگی هێزی خەباتی لەگەڵ ڕژێمی بەعس بوایە بە قازانجی خەڵک، یان ڕاپەرین لە ژێر ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازنەدا بوایە. ئەوکاتە بە بەرنامەو نەخشەوە خەڵکی کوردستان دەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات. خەڵکێک بە هێزی خۆیان و بە ئیرادەی پشت بەستوی خۆیان بتوانن دەست بدەنە ڕاپەرین و هێزی دەوڵەتێک تێک بشکێنن، بەو ئیرادەو تواناییەی خۆیان دەتوانن، بەرگری لە خۆیان و ئیرادەی سیاسی یەکگرتوویان بکەن و پشتیوانی دنیای پێشکەوتنخواز و بزوتنەوە ئازادیخواز و ئینسانیەکانیش، بۆخۆیان... دەستەبەر بکەن. کۆبانێ نموونەیەکەیەتی...

بۆ لاپەڕە 12




## بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام

## هونەر و ئەدەبی ڕاستەقینە دژی دۆخی باوە لە پێناو دنیایەکی باشتردا!